خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5951) پێنج شەممە 11ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار




سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و خەرمانێک لە بەرەکەت

سااێک بەسەر سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز "نێچیرڤان بارزانی"یەوە تێدەپەڕێت، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی سیاسی ، ئیداری و یاساییە، بەپێی ماددەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە یاسای ژمارە 1ی سااێ 2005ی هەموار کراو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

بابەتێک لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە

لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چەندین بڕیار دەدات

خەرجکردنی قۆناغێکی دیکەی بودجەی تایبەت بە خەرجییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا





دوێنێ چوارشەمە /2020/6/ 10 مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشداربوون، گفتوگۆ دەربارەی دوایین دۆخی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان کرا.

سەرەتا وەزیری ناوخۆ ڕاپۆرتی خۆی خستەڕوو، دواتر وەزیری تەندروستی ڕاپۆرتێکی وردی لە بارەی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەڵکشانی ژمارەی تووشبووان و قوربانیانی خستەڕوو، سەرەڕای خستنەڕووی چەند داواکاری و پێشنیازێک.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستی، لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەم بڕیارانەی دا:

یەکەم: بەردەوامبوون لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی و کەرەنتینەکردن و چارەسەرکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ تووشبووان و بەرکەوتووان و گەشتیاران و چرکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیاریی تەندروستی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بە بڕی پێنج ملیار دینار بۆ وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی دابەشکردنی بەسەر دامەزراوە تەندروستییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

چوارەم: وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاسانکاری پێویست پێشکەش بە فەرمانگە و دامەزراوە گشتییەکان دەکات و هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

سێیەم: خەرجکردنی قۆناغێکی دیکەی بودجەی تایبەت بە خەرجییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابینکردنی بۆ هەر هاووڵاتییەک کە سەردانی

دووەم: سەپاندنی بەزۆر بۆ بەستنی دەمامک لە هەموو دامەزراوە و شوێنە گشتییەکان و دابینکردنی بۆ هەر هاووڵاتییەک کە سەردانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دامەزراوە و گشتییەکان دەکات و هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

سێیەم: خەرجکردنی قۆناغێکی دیکەی بودجەی تایبەت بە خەرجییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە بڕی پێنج ملیار دینار بۆ وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی دابەشکردنی بەسەر دامەزراوە تەندروستییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

چوارەم: وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاسانکاری پێویست پێشکەش بە کارگەکانی بەرهەمهێنانی دەمامک و هۆکارەکانی دیکەی خۆپارێزی دەکەن تاوەکو بە ئاسانی و بە کوالێتییەکی باش و نرخێکی گونجاو بگاتە دەستی هاووڵاتییان.

پێنجەم: ڕێگەپێدان بە وەزارەتی تەندروستی بۆ فراوانکردنی خزمەتگوزاریی تاقیگەیی و دانانی میکانیزمی نوێ و پێویست بۆ دەستنیشانکردنی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەویش لە دوای دڵنیابوونی وەزارەت لە دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکان و کوالێتی لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وەزارەت و تاقیگە گشتییە تایبەتمەندەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بەردەوام دەبن لە ڕێکاری تێستی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چوارچێوەی بەرنامەی بەردەوامی وەزارەت بۆ گەڕان بە شوێن تووشبووان و بەرکەوتووەکان و ئەوانەی گومانی تووشبوونیان لێ دەکرێ.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە



3

مستەفا کازمی: نابێت ئەوەی لە 2014دا ڕوویدا دووبارە ببێتەوە



بەهۆی کۆرۆناوە دەرگای پەرلەمانی کوردستان داخرا

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێت، پشکنینیان بۆ 197 کەس لە ئەندامانی پەرلەمان، فەرمانبەران و دەستەی سەرۆکایەتی کردووە کە بەشێکیان پۆزەتیڤ بوون، بۆیە بڕیاریان دا، سەرجەم کارەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕابگرێت.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

حکوومەتی عێراق بڕیاریدا باج لەکۆی گشتیی مووچەی فەرمانبەران ببڕێت

خەبات/مەریوان نەقشبەندی: بەپێی بڕیارێکی نوێی حکوومەتی عێراق بڕیاردراوە باجی داهات لە کۆی گشتیی مووچەی هەر فەرمانبەرێکی حکوومەت ببڕدرێت و بڕیارەکەش لەم مانگەوە جێبەجێ دەکرێت. مەزهەر محەمەد سااح راوێژکاری دارایی سەرەک وەزیرانی عێراق لە لێدوانێکدا گوتی: پێشتر ڕێژەیەک لە مووچەی بنەڕەتی هەر فەرمانبەرێکی حکوومەت وەک باجی داهات بۆ حکوومەت دەبڕدرا، بەڵام لەم مانگەوە باج لەکۆی گشتی مووچە دەبڕدرێت بە بنەڕەتی و دەرمالەکانیەوە. گوتیشی ئەم باجە ناخرێتە سەر ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان لە 500 هەزار کەمترە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

هەرێمی کوردستان: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 171 کەس تووشی کۆرۆنا بوون

دوێنێ چوارشەمە وەزارەتی تەندروستی لە ڕاگەیەندراوی ژمارە 106ی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، تووشبوونی 171 کەسی دیکەی لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا ڕاگەیاند. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیاندراوی (24) کاتژمێری ژمارە (106) سەبارەت بە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە هەرێمی کوردستان، ڕێکارەکان بەردەوامن بەم شێوەیە:

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



حوزەیران... مانگی قوربانیدان

سەلام عەبدوڵا

لە 9ی حوزەیرانی سااێ 1963دا، کە پێرێ یادی بوو، سوپای عێراقی لە سلێمانی تاوانێکی گەورەی دەرهەق بە خەڵکی سلێمانی ئەنجامدا، وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لەو شکستانەی دەرخواردی سوپای عێراقی لەلایەن پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەدراو بەو پێیە زۆرینەی خەڵکی سڤیلی سلێمانی بەجیاوازیی پیشە و کار و تەمەنەوە ڕەشبگیر کراو خرانە نێو سەربازگەی ناسراو بە (حامیەی سلێمانی) و کۆمەڵێکی تێدا زیندەبەچاڵ و شەهید کرا.

حکوومەت بەو کارە قێزەونەی وای دەزانی وردەی خەڵکی قارەمانی سلێمانی لەو تاوانە دادەتەپێنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوکارە هەمەجیانەیان زیاتر وردەی خەڵکی بڵندکرد و سەدان شۆڕشگێڕی تری خولقاند و ڕەوانەی نێو شۆڕش کرد.

هەر لە 9ی حوزەیرانی سااێ 1985دا ، دوای شکستە یەک لەدوای یەکەکانی سوپای عێراقی بەرامبەر سوپای ئێرانی، فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق، چونکە نەیاندەتوانی تۆڵەی خۆیان لە سوپای ئێرانی بکەنەوە لەباتی ئەوە پەلاماری (ئۆردوگای زێوەی)یاندا، کە تەنیا پەنابەرانی کوردی هەڵاتوو لە دەست ڕژێمی فاشی و دڕندەی بەعس تێیدا نیشتەجێ بوو، کە لەئەنجامدا(150) شەهیدی لێکەوتەوە، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون و بەوەش حکوومەتی عێراقی تاوانێکی تری خستەسەر میژووی دوورودرێژی تاوانەکانی. هەر لە مانگی حوزەیراندا لە ساای 1994دا، پۆلێک لە بەشدارووانی ڕێپێوانی(13)ی حوزەیران خەڵتانی خوێن کران کە تەنیا تاوانیان بەشداری لەڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی شەهیدان بوو.

هەر لەم مانگەدا لە نۆزدەی حوزەیرانی سااێ 1947 چوار ئەفسەری قارەمانی بەشدار بووی کۆماری مەهاباد لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە لە سێدارەدران.

هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حوزەیران، کە بەهۆیانەوە پلانی لەناوبردن و قڕکردنی گەلەکەمانی لە گۆڕنا.

لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چەندین بڕیار دەدات

خەرجکردنی قۆناغێکی دیکەی بودجەی تایبەت بە خەرجییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا





دوێنێ چوارشەممە /2020/6 10 مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای وەزاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشداربوون، گفتوگۆ دەربارەی دواینێ دۆخی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان کرا.

سەرەتا وەزیری ناوخۆ ڕاپۆرتی خۆی خستەڕوو، دواتر وەزیری تەندروستی ڕاپۆرتێکی وردی لە بارەی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەڵکشانی ژمارەی تووشبووان و قوربانیانی خستەڕوو، سەرەڕای خستنەڕووی چەند داواکاری و پێشنیازێک.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستی، لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەم بڕیارانەی دا:

یەکەم: بەردەوامبوون لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی و کەرەنتینەکردن و چارەسەرکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ تووشبووان و بەرکەوتووان و گەشتیاران و چرکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیاریی تەندروستی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان لەلایەن هاوواڵتییانەوە.

دووەم: سەپاندنی بەزۆر بۆ بەستنی دەمامک لە هەموو دامەزراوە و شوێنە گشتییەکان و دابینکردنی بۆ هەر هاووڵاتییەک کە سەردانی فەرمانگە و دامەزراوە گشتییەکان دەکات و هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

سێیەم: خەرجکردنی قۆناغێکی دیکەی بودجەی تایبەت بە خەرجییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە بڕی پێنج ملیار دینار بۆ وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی دابەشکردنی بەسەر دامەزراوە تەندروستییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

چوارەم: وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاسانکاری پێویست پێشکەش بە کارگەکانی بەرهەمهێنانی دەمامک و هۆکارەکانی دیکەی خۆپارێزی دەکەن تاوەکو بە ئاسانی و بە کوالێتییەکی باش و نرخێکی گونجاو بگاتە دەستی هاووڵاتییان.

پێنجەم: ڕێگەپێدان بە وەزارەتی تەندروستی بۆ فراوانکردنی خزمەتگوزاریی تاقیگەیی و دانانی میکانیزمی نوێ و پێویست بۆ دەستنیشانکردنی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەویش لە دوای دڵنیابوونی وەزارەت لە دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکان و کوالێتی لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وەزارەت و تاقیگە گشتییە تایبەتمەندەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بەردەوام دەبن لە ڕێکاری تێستی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چوارچێوەی بەرنامەی بەردەوامی وەشزارەت بۆ گەڕان بە شوێن تووشبووان و بەرکەوتووەکان و ئەوانەی گومانی تووشبوونیان لێ دەکرێ.

شەشەم: ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ پەیوەندیکردن و سەردانیکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکوومەتی عێراق و نووسینگەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO لە عێراق و هەرێمی کوردستان و کونسڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە هاوکاری و پشتیوانیی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

حەوتەم: بەردەوامبوونی قەدەغەی هاتووچۆ لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و توندترکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی ئەم قەدەغەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق و ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ پەیوەندیکردن و سەردانیکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

هەشتەم: ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ناوخۆ بۆ ڕێکخستنەوەی دەوامی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی پێشمەرگە و بەتایبەتی ئەوانەی دانیشتووی دەرەوەی شوێنی وەزیفەکانیان بە جۆرێک بتوانرێ کەمترین هاتووچۆ و بەربەککەوتن هەبێت، هەمان شت ڕەچاو بکرێت لەلایەن وەزارەت و لایەنەکانی دیکە بۆ فەرمانبەران و کارمەندانی وەزارەتەکانیان کە نیشتەجێی دەرەوەی شوێنی وەزیفەکانیانن.

بەهۆی کۆرۆناوە دەرگای پەرلەمانی کوردستان داخرا

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێت، پشکنینیان بۆ 197 کەس لە ئەندامانی پەرلەمان، فەرمانبەران و دەستەی سەرۆکایەتی کردووە کە بەشێکیان پۆزەتیڤ بوون، بۆیە بڕیاریان دا، سەرجەم کارەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕابگرێت. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەندراوێک لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە

دوای ئەوەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، حاڵەتیکی پۆزەتیڤی کۆرۆنا لە ناو فەرمانبەرانی دیوانی پەرلەمانی کوردستان هەبوو، وەک پابەندبوونێکی تەواو بە ڕێنماییە تەندروستییەکان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا کەپشکنینی کۆرۆنا بۆ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و فەرمانبەرانی پەرلەمان بکرێت.

ڕۆژی 9ی 6ی2020 بە سوپاسەوە ، چەند تیمێکی پشکنینی تاقیگەی ناوەندی، لەسەر ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی هاتنە پەرلەمان و پشکنینیان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و 197 ئەندامی پەرلەمان و فەرمانبەرانی دیوانی پەرلەمان ئەنجامدا. دیارە بە داخەوە ، چەند حاڵەتێکی پۆزەتیڤ لەم پشکنینانەدا هەن و دواتر لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە وردەکارییەکان ڕادەگەیەنرێت. وەک پابەند بوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان کە دەبێت سەرجەم بەرکەوتووەکان خۆپارێزی بکەن و کەرەنتین بکرێن، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا، سەرجەم کارەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕابگرێت. ئاگاداری تەواوی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان دەکەین کە تا ئێستا پشکنینی کۆرۆنایان نەکردووە لە زووترین کات پشکنینەکە ئەنجام بدەن و ئەنجامەکەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بنێرنەوە. بە هەمان شێوە دیوانی پەرلەمانی کوردستان ڕاسپێردراون، بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمە پزیشکییەکان پشکنین بۆ سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی دیکەش بکرێن کە تا ئێستا پشکنینیان بۆ نەکراوە.

لێرەوە، جارێکی دیکە داوا لە هەموو لایەک دەکەین، پابەندی تەواوی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن و خوای گەورە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و وڵاتەکەمان پارێزڕاو بکات .



پەیامی مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی 57هەمین ساڵیادی شەهیدانی 9ی حوزەیران

ڕۆژی سێشەممە بە بۆنەی 57هەمین ساڵیادی شەهیدانی 9ی حوزەیران مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا ڕایگەیاند، لە 9ی حوزەیرانی ساڵی 1963دا، بە دەیان تێکۆشەری خەڵکی سلێمانی ڕووبەڕووی ستەم و زوڵمی خوێنڕێژان بوونەوە و لە هەڵوێستێکی جوامێرانەدا دژ بە ڕەفتاری دوژمن وەستانەوە و ئامادە نەبوون سەر بۆ خواست و ویستیان شۆڕبکەن و سووکایەتی بە سەرۆک (بارزانیی نەمر)و پیرۆزییە نەتەوەییەکانمان بکەن، بۆیە بەدەستی خوێنمژانی ئەوکات شەهیدکران. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ 57 ساڵ بەسەر کارەساتێکی دیکەی گەلەکەمان تێدەپەڕێ، ساڵیادی نەبەردییەکی دیکەی خەڵکی شەڕفمەند و خۆڕاگری شاری سلێمانییە.

لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ و لە 9ی حوزەیرانی ساڵی 1963دا، بە دەیان تێکۆشەری خەڵکی سلێمانی ڕووبەڕووی ستەم و زوڵمی خوێنڕێژان بوونەوە و لە هەڵوێستێکی جوامێرانەدا دژ بە ڕەفتاری دوژمن وەستانەوە و ئامادە نەبوون سەر بۆ خواست و ویستیان شۆڕبکەن و سووکایەتی بە سەرۆک (بارزانیی نەمر)و پیرۆزییە نەتەوەییەکانمان بکەن، بۆیە بەدەستی خوێنمژانی ئەوکات شەهیدکران.

لەو یادەپیرۆزەدا سڵاو و دروود بۆ ئەو شەهیدانە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای سەروەریی و ئازادی و ڕزگاریی کوردستان...

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
9ی حوزەیرانی 2020

وەزیری دەرەوەی عێراق و باڵێۆزانی عەرەب لە بەغدا کۆبوونەوە

وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ژمارەیەک پرسی گرنگیی پەیوەست بە ناوخۆی عێراق لەگەڵ باڵێۆزانی عەرەب لە بەغدا تاوتوێ کرد لەوانە ئامادەکارییەکانی حکوومەت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش و دووبارە بنیاتنانەوەی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان. لەوبارەوەیەوە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەحمەد سەحاف لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە فوئاد حوسێن لەگەڵ باڵێۆزانی عەرەب لە بەغدا کۆبووەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی کۆبوونەوەکەدا، ژمارەیەک پرسی گرنگیی پەیوەست بە ناوخۆی عێراق تاوتوێکراون لەوانە؛ ئامادەکارییەکانی حکوومەت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش و دووبارە بنیاتنانەوەی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان. وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕاشیگەیاندووە کە پاڵپشتی لە هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و نزیکبوونەوەی دید و بۆچوونی نێوان وڵاتانی عەرەب دەکەن و گوتی: عێراق داوا دەکات بە گفتوگۆ و ڕێگای دیپلۆماتیی قەیرانەکانی یەمەن، لیبیا و سووریا چارەسەر بکرێن.

حکوومەتی عێراق بڕیاریدا باج لەکۆی گشتیی مووچەی فەرمانبەران ببڕێت

باج ناخرێتە سەر ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان لە 500 هەزار کەمترە

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

بەپێی بڕیارێکی نوێی حکوومەتی عێراق بڕیاردراوە باجی داهات لە کۆی گشتیی مووچەی هەر فەرمانبەرێکی حکوومەت ببڕدرێت و بڕیارەکەش لەم مانگەوە جێبەجێ دەکرێت.

مەزهەر محەمەد ساڵح ڕاوێژکاری دارایی سەرەک وەزیرانی عێراق لە لێدوانێکدا گوتی: پێشتر ڕێژەیەک لە مووچەی بنەڕەتی هەر فەرمانبەرێکی حکوومەت وەک باجی داهات بۆ حکوومەت دەبڕدرا، بەڵام لەم مانگەوە باج لەکۆی گشتی مووچە دەبڕدرێت بە بنەڕەتی و دەرمالەکانیەوە. گوتیشی ئەم باجە ناخرێتە سەر ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان لە 500 هەزار کەمترە. ڕاوێژکاری دارایی سەرەک وەزیرانی عێراق هەرەوەها گوتی: عێراق بەتەنگژەیەکی دارایی قوورلدا تێپەڕدەبێت و هێشتا نرخی نەوت نەگەیشتوتە ئاستێک کە حکوومەتی بەغدا بتوانێت بەئاسانی مووچەی مانگی حوزەیرانی مووچەخۆرانی عێراق ئەمساڵ دابین بکات، بۆیە حکوومەتی مستەفا کازمی پەنای بۆ قەرزکردن بردووە. هیواشی خواست بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بگاتە ئاستێک لە مانگی داهاتوو گرفتی گەورە بۆ مووچەی فەرمانبەران دروست نەبێت.



www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/11 ژمارە (5951)

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و خەرمانێک لە بەرەکەت





ساسان دەرویش - هۆڵەندا

ساڵێک بەسەر سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەرێز "نێچیرڤان بارزانی"یەوە تێدەپەڕێت، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی سیاسی ، ئیداری و یاساییە، بەپێی ماددەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005ی هەموار کراو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی بالای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە، سەرۆکی هەرێم بەدەنگدانی گشتی ونهێنی و ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی چوار ساڵ لەلایەن هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت و دەشێ بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرێتەوە، بەپێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2019 و لە چوار چێوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە 1ی ساڵی 2005 ڕۆژی سێشەممە 2019/5/28 پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی خولی بەهارە لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن، بەرێز (نێچیرڤان ئیدریس موستەفا بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە کۆی 111 پەرلەمانتار ، 81یان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لەو ژمارەیە کاندیدی پارتی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بەبە دەستهێنانی 68 دەنگ پۆستەکەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد و سوێندی یاسایی خوارد. بەوپێیەش بەرێزیان وەک پێشمەرگەیەکی لێهاتوو لە شاخ و شار لە دوای ڕاپەڕین ڕۆڵی گرنگی بینیوە بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک و ئەندازیارێکی ئاوەدانی و شارەزا و پڕ لە ئەزموون لە ڕابردووی سەرۆکایەتی چەند کابینەیەکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە و ئەمڕۆش وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر کار وخزمەتە لە بەرچاوەکانی کە بۆتە کلیلی ئاشتەوایی و ئاوەدانی. هەر بەم بۆنەیەوە ئەم لێدوانانەمان بۆ خەبات وەرگرت:

کوردستان کەسی وەک نێچیرڤانی هەبێت هەر سەردەکەون

ڕێشارد پیتریک مامۆستای زانستەکانی سیاسی لە زانکۆی لایدن لەبارەیەوە پێی ڕاگەیاندین: بەرێز نێچیرڤان بارزانی وەک سەرکردەیەکی لێهاتوو و شارەزا لە نێو ئەو هەموو سەختییانەی کە کوردستان پێیدا تێپەڕبوو ئەم کەسایەتییە کلیلی چارەسەریی زۆربەی کێشەکان بوو کە ئێمە لە دوور و نزیک کاروخزمەتەکانی دەبینین و خۆشم هاتوومەتە کوردستان و گەلی کورد بە دۆستی خۆم دەزانم، دەبێت خزمەتەکانی ئەم کەسایەتییە بەرزبنرخێنین بۆ ئایندەی کوردستان و سەرۆکایەتی کردنی کە کاری باشی لێ دەبینرێ، لەو گەشتەم بۆ کوردستان سەرسام بووم بەدیتنی پایتەختی هەرێمی کوردستان کە ئەم کەسایەتییە وەک ئەندازیاری ناویان دەبرد، من خۆشحاڵم کورد بە ئامانجی خۆی بگات و دڵنیاشم کوردستان کەسی وەک نێچیرڤانی هەبێت هەر سەردەکەون .

بە کاری دیبلۆماسیەت هەموو بیانییەکانی سەرسام کردووە

هەروەها لە هەمان زانکۆش قوتابی ئاڤان جەمال کەریم خەڵکی کەرکووک لەو بارەیەوە پێی گوتین: خۆشحاڵم وەک نەوەیەکی کورد کە لە هۆڵەندا لەدایکبووم و سەرکردەی لێهاتووی وەک نێچیرڤان بارزانیمان هەیە بۆ کوردستان خەبات و تێکۆشان دەکەن و بەگژ قەیرانەکاندا دەچنەوە و ڕێگەچارەیان بۆ دادەنێن، ڕۆڵی ئەم سەرکردەیە بە ڕوونی دیارە لە ئاوەدانکردنەوە و هەنگاوە پیرۆزەکانی و کوردستانی خستە سەرنەخشەی وزەی جیهانی و نەوتی هەناردە کرد کە لە ڕابردوودا و بەئێستاشەوە بەداهاتەکەی کوردستانی ئاوەدان کردەوە و موچەی هاوواڵتیانی پێ دابین دەکرێ و کە دەکرێ هەموو کورد شانازی پێوەبکات. هەروەها لە هاتنەکانی بۆ دەرەوەش بەکاری دیبلۆماسیەت هەموو بیانیەکانی سەرسام کردووە و بەهێوام لە ماوەی وادەی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتی کاری زیاتر، کوردستان بەهێزتریش بکات و هەوڵەکانیشی چڕتربکاتەوە بۆ ئاشتەوایی نێومااڵی کورد، چونکە هەر بەو ڕێگایە دەتوانین هەموومان بلێین خاوەنی کوردستانین .

هەروەها سامال جەلال عەباس ئەندازیار و خەڵکی هەولێر لەو بارەیەوە دەڵێت: پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەرێم دەکەم کە بەڕاستی جێگەدەستی دیارە لە کوردستان لە خزمەت و شەونخوونیەکانی هەموو کورد شانازی پێوە دەکەین، خۆزگە دەخوازم کاکە نێچیرڤان ئەم پێشنیازەمی بدیبایە. پێم وایە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستامان لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و خانووبەرە و باڵەخانەکان کەمێک بوەستین و هێز و توانای خۆمان هەمووی بەکاربهێنین بۆ شۆڕشی پیشەسازی و بەرهەمهێنان بەرپا بکەین بە دروستکردنی چەندین کارگەی زەبەلاح کە چەندین لە هاوواڵتیانی خۆشمان تێیدا بژێوی ژیانیانی تێدادەبێت، جگەلەوەش کە خەڵک لە بێکاریش دووردەخەنەوە بەرهەمی خۆمانێشمان دەبێت و کوردستان بەمشێوەیە زیاتر دەچێتە پێش.

مستەفا کازمی: نابێت ئەوەی لە 2014دا ڕوویدا دووبارە ببێتەوە



سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە نابێت ئەوەی لە 2014دا ڕوویدا، دووبارە ببێتەوە و ئامارژەی بەوەیش دەکات، ئەو کارەساتانەی کە لە ماوەکانی ڕابردوودا ڕوویان دا، هۆکارەکانی بۆ گەندەڵی و خراپی بەڕێوەبردن دەگەڕێتەوە.

لەمبارەیەوە نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیەندراوێکی باڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئامارژەی بەوە داوە کە مستەفا کازمی لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ فەرماندە ئەمنی و سەربازییەکان لە بارەگای فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە.

ڕاشیگەیاندووە: ئەو کارەساتانەی کە لە ماوەکانی ڕابردوودا، ڕوویان دا هۆکارەکانی بۆ گەندەڵی و خراپی بەڕێوەبردن دەگەڕێتەوە.

گوتیشی: سەرجەم ڕۆڵەکانی عێراق بەشداریان لە کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا کردووە و خوێنەکان تیایدا تێکەڵاوبووە و بە پاڵەوانێتی هێزەکانمان سەرکەوتین.

عێراق، مستەفا کازمی سەردانی شارەکەی کرد و لە میانیدا لە بارەگای فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا لەگەڵ فەرماندە ئەمنی و سەربازییەکان کۆبوویەوە.

جێی باسە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە هاوینی 2014 زۆربەی ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق لە پارێزگاکانی نەینەوا، ئەنبار، سەڵاحەددین، دیالە و کەرکووک کۆنترۆڵ کرد کە بە نیوەی خاکی ئەو وڵاتە مەزندە دەکرێت. دواتر هێزە عێراقییەکان لە 2017دا بە پاڵپشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژیە داعش و دوای سێ ساڵ لە شەڕی سەخت، کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی ئەو ناوچانەیان ڕاگەیاند کە چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کۆنترۆڵیان کردبوو.

لە کۆتاییدا، مستەفا کازمی گوتی: دەتوانین ئەو بەرەنگارییە گەوردیی کە ڕووبەڕووی بووینەتەوە، تێبپەڕێنین. دوێنێ چوارشەممە لە شەشەمین ساڵیادی کەوتنی شاری مووسڵ سەنتەری پارێزگای نەینەوا باکووری عێراق بەدەستی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکات لێپێچینەوە لە ڕاکان جبوری بکات



جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکات لێپێچینەوە لە پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، ڕاکان جبووری بکات. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە فەرمانی بەشیر حەداد ئەمیندارێتی گشتیی ئەنجوومەنی نوێنەران نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە و تیایدا داوای لە سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە بە بەرەی جبووری لێپێچینەوە لەگەڵ پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت، ڕاکان سەعید جبووری بکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بگیرێتە بەر بەهۆی ئامادەنەبوونی لە کۆبوونەوەی پارێزگارەکانی دیالە، سەڵاحەددین و کەرکووک کە پێشتر ئاگادار کرابوونەوە.

ڕۆژی سێشەممە بەسەرپەرشتی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، بەشیر خەلیل حەداد کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام درا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئامادەبوونی هەردوو پارێزگاری سەلاحەددین و دیالە و ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی ئەو پارێزگایانە و نوێنەری لیژنە جیاجیاکان. ئامانج لە کۆبوونەوەکە تاوتوێکردنی بارودۆخی ئەو ناوچانە و گفتوگۆکردن بوو لەسەر هۆکاری ئەو نەهامەتی و زەحمەتیانەی کە خەڵکی ئەو ناوچانە لە کورد و پێکهاتەکانی دیکە دووچاری دەبنەوە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا قسە لەسەر دۆزینەوەی میکانیزمێکی خێرا کرا بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوواڵتییانی ئەو ناوچانە و سوتانی بەربووەمی ناوچە کوردنشینەکان و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نیشتمانی لە بوارەکانی بەڕێوەبردن و دامەزراندن.

هەرێمی کوردستان: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 171 کەس تووشی کۆرۆنا بوون

دوێنێ چوارشەممە وەزارەتی تەندروستی لە ڕاگەیەندراوی ژمارە 106ی تایبەت بە قایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، تووشبوونی 120 کەسی دیکەی لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا ڕاگەیاند. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

کەرەنتین

تاوەکو ئەوڕۆ (13706) هاوواڵتی "ئەوانەی کە لە دەرەوەی ووڵات گەڕانەتەوە وە ئەوانەی کە بەرکەوتەی نەخۆشە چەسپێنراوەکان" کەرەنتین کراون، لەئێستادا تەنها (1552) هاوواڵتی لە (35) شوێنی جیاوازی کەرەنتین ماونەتەوە؛ (253)لە هەولێر، (26) لە سلێمانی، (1273) لە دهۆک. وە (12154) هاوواڵتی لە کەرەنتین دەرچوونە و گەڕانەوەتە ناو خانەوادەکانیان دوای تەواو کردنی ماوەی 14 ڕۆژ وە ئەنجامدانی پشکنینی تاقیگەیی بۆیان وپشتراستکردنەوەی ئەوەی کە هەڵگری ئەو نەخۆشیە نین، لەگەڵ کەرەنتین کردنی ژمارەیەکی دیکەی هاوواڵتییان لە 24کاتژمێری ڕابردوودا کە کۆی گشتی (117)هاوواڵتی بوو.

پشکنین

لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا: (2466) پشکنین ئەنجام دراوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان؛ (1219) هەولێر، (758)سلێمانی، (400)دهۆک، (10)هەڵەبجە، (79) ڕاپەڕین. (کۆی گشتی ئەو پشکنینانەی کە ئەنجام دراوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی قایرۆسی کۆرۆنا (94845) پشکنین بووە)

دەرەنجامی 24 کاتژمێری ڕابردوو: (2)گیان لەدەستدان، (171) تووشبووی نوێ تۆمار کرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

پارێزگای هەولێر: (46) پیاو و (9) ئافرەت و (5)منداڵ، 33 بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون و 27 تووشبوو نیشانەیان هەیە، 22تووشبوو (2)کوڕ و کچێکی گەنج، 53 تووشبوو بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون و 47 تووشبوو نیشانەی نەخۆشیان هەیە، 2تووشبوو دانیشتووی قەزای چەمچەماڵ، 4 تووشبوو دانێشتووی ناحیەی بازیان، 7 تووشبوو دانیشتووی قەزای پێنجوێن، 87 تووشبوو دانیشتووی ناو شاری سلێمانی.

ئیدارەی ڕاپەڕین (4)پۆزەتیڤ: ((2پیاو و (2) منداڵ، 2 تووشبوو بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون و 2 تووشبوو نیشانەیان هەیە، 2 تووشبوو دانیشتووی قەزای ڕانیە و 2تووشبوو دانیشتووی قەڵادزێن.

پارێزگای دهۆک (2)پۆزەتیڤ: (2) پیاو تەمەنیان 46 و 42 ساڵ، هەردوو تووشبوو نیشانەیان هەیە، 1 تووشبوو گوندی ختارە، 1تووشبوو دانێشتووی شاری دۆک.

پارێزگای هەڵەبجە (5)پۆزەتیڤ: (2) پیاو و (2)ئافرەت و منداڵێک، 3 تووشبوو بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون و 2 تووشبوو نیشانەی نەخۆشیان هەیە، 3 تووشبوو دانیشتووی گەڕەکی کیمیاباران، 1 تووشبوو دانیشتووی گەڕەکی کانی عاشقان، 1 تووشبوو دانیشتووی گەڕەکی مەرزەبۆتۆ.

ئاماری گشتی

کۆی گشتی تووشبووان بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ CO-VID-19 لە هەرێمی کوردستان (1637)تووشبوو، لەنێویاندا (30)مردن هەیە و (546)نەخۆش چاکبوونەتەوە، وە ئێستا (1061)نەخۆش لەژێر چاودێری پزیشکی دان، بۆ زانیاری زیاتر سەردانی داشبۆردی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لەم لینکە. (https://gov.krd/coronavirus/dashboard/).

وێڕای دەستخۆشی بۆ پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی و هەموو تیمەکانی پزیشکی کە لە ئەرکدان، جارێکی داوا دەکەین هاوواڵتیان پابەندبن بە ڕێنماییەکانی تەندروستی و دورکەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ و دانانی ماسک و دەستکێش، وە لەکاتی پێویستدا پەیوەندی بکەن بە هێڵی گەرمی ژمارە (122).

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
10حوزەیران 2020



کەرکووک... تا ئێستا 196 کەس تووشی پەتای کۆرۆنا بوون و 7 کەسیش گیانیان لەدەستداوە

گوتەبێژی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک ڕایگەیاند ، ڕێژەی مردن بەهۆی کۆرۆناوە لە کەرکووک تا ئێستا گەیشتووەتە حەوت کەس. سامان یابە، گوتەبێژی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند: لە کەرکووک تا ئێستا 196 کەس تووشی پەتای کۆرۆنا بوون و لەنێویاندا 110کەسیان لە نەخۆشخانەن و لەژێر چاودێریی پزیشکیدان و 79 کەسیان چاک بوونەتەوە و نەخۆشخانەیان بەجێ هێشتووە و حەوت کەسیش بەهۆی هەمان پەتاوە گیانیان لەدەست داوە. گوتیشی: ڕۆژی سێشەممە 2020/6/9 حەوت کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون ولە سەرەتاوە تا ئێستا حەوت کەس لە کەرکووک بەهۆی کۆرۆناوە گیانی لەدەست داوە و هاوکات سێشەممە سێ کەسی دیکەش چاک بوونەوە.

کازم فینجان: مووچەی خانەنشینان بەڕێژەی 13لەسەدا کەمکراوەتەوە



ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا ، کازم فینجان رایگەیاند، زانیاریان بەدەست گەیشتووە کە بە بیانووی سەپاندنی باجی دەرامەت، مووچەی خانەنشینان بەڕێژەی 13 لەسەدا کەمکراوەتەوە. دوێنێ چوارشەممە کازم فینجان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: ئەمڕۆ لەلایەن ژمارەیەک کەسی خانەنشینکراو ئاگادارکراینەوە کە بە بیانووی سەپاندنی باجی دەرامەت، مووچەکانیان بەڕێژەی 13 لەسەدا کەمکراوەتەوە. گوتیشی: لەڕاستییدا دەستەی خانەشینکردن بەرپرس نییە لە کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینان، بەڵکو ئەو بڕیارەی بەدەست گەیشتووە کە لە حەوتی ئەم مانگەوە سەبارەت بە سەپاندنی باجی دەرامەت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرکراوە.

کازم فینجان گوتیشی: ئەو بڕیارە بەپێچەوانەی ژمارەیەک ماددە و بڕگەی دەستوورە لەوانە ماددەی 47 کە تایبەت بە جیاکردنەوەی نێوان دەسەلاتەکان، بۆیە ئەگەر لێردەدا وردبینی بکرێت، دەبیندرێت، ئەنجوومەنی وەزیران لە یەک کاتدا یاسای دەرکردووە و جێبەجێشی کردووە، جگە لەوەیش بڕیارەکە پێچەوانەی حوکمەکانی ماددەی 61/یەکی دەستوورە کە دەسەلآت بۆ دەرکردنی یاسا و هەموارکردنەوەی، دەدات بە ئەنجوومەنی نوێنەران نەوەک ئەنجوومەنی وەزیران. باسی لەوەیش کردووە کە ئەو بڕیارە پێچەوانەی ماددەی 80 سێیەمی دەستوورە کە دەسەلآت دەدات بە ئەنجوومەنی وەزیران تەنها ڕێنمایی و بڕیار دەربکات نەوەک یاسا، بڕیارەکانیش تەنها بە ئامانجی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی یاساکان دەردەکات.

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کازم فینجان گوتیشی: تا ئێستا هیچ یاسایەک بۆ وەرگرتنی باجی دەرامەت نییە بە ئامانجی کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینان وەک ئەوەی ئەمڕۆ بەڕێژەی 13 لەسەدا کەمکراوەتەوە. ناوبراو ڕاشیگەیاندووە "کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینان بەڕێژەی 13 لەسەدا، بە بیانوی سەپاندنی باجی دەرامەت، پێچەوانەی دەستوورە".

56٪ی بەریتانییەکان لە مامەڵەی حکوومەتەکەیان لەگەڵ بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ناڕازین

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:
لەتازەترین ڕاپرسیدا دەرکەوتووە کە حکوومەتی بەریتانیا وەک پێویست مامەڵەی لەگەڵ بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەکردووە و ئەمەش گورزێکی کوشندەیە بۆ حکوومەتی بۆریس جۆنسن کە خودی ئەم سەرەک وەزیرانە لەئاکامەکانی ئەم ڤایرۆسە پارێزراو نەبوو بۆ ماوەی 3 هەفتە چارەسەری وەرگرت هەتا چاکبووەوە.

بەپێی ڕاپرسییەکی ناوەندی توێژینەوە و ڕاپرسی نیشتیمانی بەریتانیا یوگۆڤ حکوومەتی بەریتانیا لەناو 10 ولآتە باشەکەی جیهان نەبووە لەروی مامەڵەی تەندروستی لەگەڵ بلاوبوونەوە و کەمکردنەوەی ڕێژەی قوربانییان بەڤایرۆسی کۆرۆنا و زیاتر لە 40 هەزار کەس لە بەریتانیا بەهۆی ئەم ڤایرۆسە گیانیان لەدەستداوە و ڕیزبەندی ئەم ولآتە 15یە و لەدوای ئەمەریکاوە دێت. لە کاتێکدا لە ئەمەریکا زیاتر لە 110 هەزار کەس بەم ڤایرۆسە کۆچی دوایی کردووە. هەر بەپێی ڕاپرسییەک کە ناوەندە بەریتانییەکە لەناو خەڵکدا ئەنجامیانداوە 56%ی بەریتانیەکان لەمامەڵەی حکوومەتەکەیان لەگەڵ ئەم پەتایە ناڕازین .



ئەمەریکا دەیەوێ لەگەڵ بەغدا بە ڕێککەوتنەکانیدا بچێتەوە
مامۆستایەکی زانکۆ: ئەمەریکا لەم دۆخەی ئێستای عێراق ڕازی نییە



مامۆستایەکی زانکۆ و پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێ، ئەم دیالۆگەی نێوان عێراق و ئەمەریکا گەورەیە، چونکە ئەمەریکا هەست بەوە دەکا کە هەژموونی ولآتانی ئیقلیمی لە عێراق لە زیادبوون دایە. د. نەوزاد هێتوتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: خۆ ئەمەریکا ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق هەیە و سالی 2008 دوو ڕێککەوتن لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ستراتیژییەوە کراون، ئەی بۆچی ئەم ڕێککەوتنە بکرێ، کەواتە کێشەی گەورە هەن لە عێراق، بۆیە ئەمەریکا پێی باشە ڕێککەوتن لەسەر ڕێککەوتن بکرێت.

ڕاشیگەیاند: ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمەریکا لەم دۆخەی ئێستا عێراق هەیەتی ڕازی نییە، هەژموونی ولآتان لە عێراق زیاتر بووە و دەسەلآتی ئەمەریکا کەم بووە، دەسەلآتی میلیشیاکان لە زیادبوون دایە، سیستمی دیموکراسی تووشی خەلەلێکی گەورە بووە و دەسەلآتی عێراق لەدەست عێراقییەکاندا نەماوە، ئەمەریکاش دەیەوێ ئەم خالآنە گفتوگۆ بکات.

هێتوتی ئاماژەیشی دا: ئەمەریکا دەیەوێ عێراق سەروەریەکانی بپارێزێ و دەستێوەردانی ولآتان قبوڵ نەکا و هەموو میلیشیاکان بخرێنە ژێر دەسەلآتی سەربازیی دەوڵەت و نەبنە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. دەشڵێت: پێدەچێ ئەمەریکا داوای مانەوەی هێزەکانی خۆی بکات لە خاکی عێراقدا و دەیەوێ عێراق بالآنسی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولآتان بپارێزێت، چونکە ئەمەریکا زۆر خراپیی تێ کەوتووە. هێتوتی ئاماژەی بە ڕۆڵی کورد لەم گفتوگۆیانە کردو گوتی: هێشتا دیار نییە کە ئەم ڕێککەوتنە چۆن دەبێت، بەڵام دەبێ کورد مەرجی هەبێ، نموونەش مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، چونکە نەمانەوەیان مەترسییە بۆ سەر کورد و سونە و سیناریۆی 2011 بەسەر کورد و سوونەدا دووبارە دەبێتەوە.

هێتوتی گوتیشی: دەبێ کوردیش پیداگری لەسەر مافەکانی خۆی لە حکوومەتی عێراقدا بکات، بەتایبەت لە بواری دارایی و دانی چەک بە سوپای عێراق کە پشکی پێشمەرگەی تێدا بێت و زۆر بابەتی تر. لە کۆتاییشدا گوتی: قورسە هەموو خواستەکانی کورد جێبەجێ بکرێ، بەڵام هەندێکیان جێبەجێ دەکرێن.

تا ئێستا 324 پزیشک لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون



سەندیکای پزیشکانی عێراق ڕایگەیاند کە تا ئێستا 324 پزیشک تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و دووی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

سەندیکای پزیشکانی عێراق لە ڕاگەیەنراوەکەیدا باسی لەوەیش کردووە کە زۆرترین ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەنێو تیمەکانی پزیشکی لە بەغدا تۆمارکراون کە 170 حالەتن و دوای ئەوەیش هەریەک لە بەسرە بە تۆمارکردنی 37 حالەت و کەربەلا بە تۆمارکردنی 27 حالەت دێن. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش خراوەتە ڕوو کە لەو ژمارەیە، 122یان لەنێو تیمە گەڕۆکەکان و 112ی دیکەیشیان لە تیمە فریاگوزاریەکان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و ڕەوشی ژمارەیەکیان ناجێگیرە. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەی سەندیکای پزیشکانی عێراقدا هاتووە "پێشبینی دەکەین لە میانی چەند ڕۆژی داهاتوودا، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، زیاد بکات". جێ باسە تاکو دوێنێ چوارشەممە لە عێراق، 14 هەزار و 271کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون کە لەنێویاندا 392یان گیانیان لەدەستداوە و پێنج هەزار و 831 کەسیش چاکبوونەتەوە.



لەیلا گۆڤەنی پەرلەمانتاری هەدەپە بە مەرج لە زیندان ئازاد کرا

هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی تورکیا مافی ئەندام پەرلەمانیی لە 3 ئەندام پەرلەمان سەندەوە، کە دوویان پەرلەمانتاری هەدەپە بوون و یەکێکیش سەر بە جەهەپە بوو، بەڵام هەردوو ئەندام پەرلەمانی هەدەپە دەستگیر کران و ئەوەی جەهەپەش نازاد کران. دوێنێ لەیلا گۆڤەن ژنە پەرلەمانتاری هەدەپەش ئازاد کرا.

ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویان کردەوە، لەیلا گوڤەن ئەندام پەرلەمانی هەدەپە لەسەر بازنەی شاری ئامەد، دوای ئەوەی مافی ئەندام پەرلەمانیی لێ سەندرایەوە و خرایە زیندانەوە، دوێنێ چوارشەممە لەلایەن دادگاوە بە مەرج ئازاد کراوە.

لەیلا گوڤەن پێشتر بە تۆمەتی ئەوەی پڕوپاگندەی بۆ پەکەکە کردووە زیندانی کرابوو، بۆیە شەش ساڵ و سێ مانگ سزای زیندانی بەسەردا سەپێنداوە، دوای هەڵگرتنی پارێزبەندیش لەسەری زیندان کرایەوە. ئەو لە زیندان مانی لە خواردن گرت، بۆیە بەهۆی ئەوەی مەترسی لەسەر گیان هەبوو، سااێک بەرلە ئێستا بە مەرج ئازاد کرا.

هەفتەی ڕابردووش مافی ئەندام پەرلەمانی تورکیاشی لێ سەندرایەوە و خرایەوە زیندان، بەڵام بەهۆی ئەوەی میدیاکانی تورکیا و ڕێکخراوانی مافی مرۆڤ ڕەخنەیان لە حکوومەت گرت، بەوەی بەهۆی خراپیی ڕەوشی گرتووخانەکان و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، ڕەنگە ژیانی گوڤەن بکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە ئەمڕۆ ئازاد کرا تا ئەوکاتەی مەترسی کۆرۆنا لە تورکیا کۆتایی پێ دێت.

www.xebat.net
خەبات | پێنج شەممە 2020/6/11 ژمارە (5951)

داستان و نەبەردییەکانی پێشمەرگە

کوردیان گەیاندە ئەمڕۆی ئازادی

دیندار کۆچەر/ هۆڵەندا:

هەریەک لە شەهیدانی کورد و کوردستان دار بەڕوویەکی ئەم نیشتیمانەن، کە ڕەگ و ڕیشەیان لە خاک ئالاندووە و بەخوێنی گەشیان چرای ئازادیان بۆ ڕووناکی نیشتمان داگیرسان، داستان و نەبەردییەکانیان چیرۆکێکی درێژی نەوەکانیان کە بەشانازییەوە پاڵەوانەکانیان لە ڕۆژە سەختەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاران لەگەڵ مەرگ زۆرانبازیان کردووە و بوونەتە ئەفسانە و هیچ کات لە بیرناچنەوە، بەشێکی ئەمڕۆی ئازادی و تەلاری هیواکانی کوردیان پێکهێنا کە مرۆڤی کوردی کردە خاوەنی ناسنامەی کورداییەتی خۆی لەسەر خاکی بەخوێن سوور کراوی پێشمەرگە.

32 ساڵ لەمەوبەر لە ساڵی 1988دا، گەنجێکی ڕۆح سوک و خاکی و پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس، شەهیدی نەمر سمایل محێ وەک هەڵۆیەکی بەرزە فڕی دەقەری بادینانی گوڵاڵە سووڕە، لە داستانێکی قارەمانانەدا لە نزیک شاری دهۆک خۆی و هەڤاڵەکانی گرۆ ئاگریان بەردایە جەستەی دوژمن و چاوساغەکانیان و زەرەر و زیانێکی گەورەیان بە دوژمن گەیاندو سەروەرییەکیان بۆ پارتی و ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانیی ڕابەر و باوک لەو ڕۆژدا تۆمارکرد بەخوێنی ئاڵ و تەمەنی 27 بەهاری گەنجێتی، شەهیدی نەمر سمایل محێ، لەدوا مژدەی هەژار و نیشتیمانپەروەردا میژشکی بە کوردایەتی زاخاوەدەن و لە دڵ و دەروونیدا زوڵم و زۆرداری دوژمن دەبێتە بارگرانی و خەمی ڕۆژانەی و خەون بەئازادی نیشتیمانەوە دەبینێت و حەزەکات ببێتە پێشمەرگە، سەرەتا لە نێو ڕێکخستنەکانی ناو شار دەست بەکاری ڕێکخستن و چالاکیەکانی شۆڕش دەکات و زەبری کوشندە دەگەیەنێت بەدام و دەزگاکانی دوژمن و ترس و دڵەڕاوکیە دەخاتە نێویان وەک پاڵەوانێکی وڵات پارێز سڵ لە دوژمن ناکاتەوە بەبیری کوردایەتی و نەتەوەییانەی بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی کە شانەکانی ڕێکخستنەکانیان ئاشکرا دەبێت و لە ساڵی 1981 بەخەونە شیرینەکەی شاد دەبێت و بەرەوچیاکان هەنگاو دەبڕی و چەکی شەرف و کەرامەتی شۆڕشی 26ی گولانی نیشتیمانی کردە شان و شان بەشانی پێشمەرگەکانی لەشکری کوردستان لە لیژنەی ناوچەی زاخۆ لە دەیەها داستانی نەبەردی گوڵان بەشداربوو.

گواستراوە بۆ لیژنەی ناوچەی دهۆک و بەردەوامی بەکار و چالاکیەکانی ئەداو زەبری کەمەرشکێن لە دوژمن دواتر لە ساڵی 1982 و چاوساغەکانیان ئەدەن و لیژنەی ناوچەی دهۆک لەبەر ئازایەتی و لێهاتووی ڕۆڵی گرنگی دەبێتە ئامر مەفرەزە و پاشان دەبێتە بەرپرسی ڕێکخراوی دم دم لە سەربەسنوری لقی یەکی تێکۆشەر، کەسێکی ڕۆح شیرین و دەم بەخەندە و قسە خۆش بووە لە نێو خەڵک و پێشمەرگەو بڕوایەکی تەواویان پێی هەبووە لە هاوکاریکردنی گوندنشینانی ناوچە ئازادکراوەکان و هەموان بەکوڕ و باوکی خۆیان دەزانی و پەیڕەوی ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمری جێبەجێ دەکرد و هیچ کات گوێی بەبەرپرسیاریەتی نەئەدا خۆی بەخزمەتکاری نیشتیمانەکەی دەزانی و بەو هیواو ئامانجە چەکی مەردایەتی لە ڕووی دوژمن دەکرد و گیانی خۆی بەخت کرد بۆ گەل و خاکەکەی.

هێشتا لە نێو پرسەدا بوون چوار هەڤاڵی نزیکی خۆی پەیمانیان دابوو کە تۆڵەی بکەنەوە، زۆر ئازایانە و چاونەترسانە لە هەمان کات و ساتدا تۆڵەیان لە دوژمن کردەوە و نامەیەکیان جێهێشت بۆ دوژمن، دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین خوێنی شەهید سمایل و هەڤاڵەکانی و گشت شەهیدانی کوردستان ئەمڕۆیان بەرهەمهێناو لە دوای خۆشی چوار پەپوولەی جوانی بۆ خزمەتکردنی کوردستان جێهێشت لە "هەلاّت و گوهار و هاوار و سمایل" کە دوامندالی بوو کە لەدوای خۆی لە دایکبوو، بۆیە بەناوی خۆیەوە ناونرا.

ئەمڕۆ لە سێبەری تێکۆشانی باوکی شەهید و شەهیدانی کوردستان هەریەکەیان لەبواریکدا پەروەردەکراون بۆ هەنگاوبڕینی خەونەکانی باوکی شەهیدیان لە ئاوەدانکردنەوە و بەهێزکردنی کوردستان لەم یادە پڕشکۆیەشدا خانەوادەکەشیان داوا دەکەن کە هەروەک سەرۆک بارزانی خوێنی شەهیدان لەبیرنەکرێن و خەونەکانیان لەبەرچاوبگرن و بەیەک دەنگی و یەک هەڵوێستی و ئاشتەوای نێومالی کورد خەونەکانی شەهیدان بهێننەدی. سلاو بۆ گیانی پاکی بەرزەفڕی کاکە سمایل و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان، سەروەریان باوکی ڕۆحی نەتەوەیمان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو.

سەرکۆماری ئێران: داهاتی ئێران بەهۆی سزاکانی ئەمەریکاوە هەموو ساڵێک 50 ملیار دۆلار کەم دەکات



سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی دوای بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا، گوتەیەکی پێشکەش کرد و باسی لەو زیانانە کرد کە سزاکانی ئەمەریکا و بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ئابووری وڵاتەکەی داوە.

حەسەن ڕوحانی ئاماژەی بەوەدا کە ئەو فشارانەی لەسەر ئابووری دروستبوون ژیانی هاووڵاتییانی سەخت کردووە و گوتی: بەهۆی سزاکانی ئەمەریکاوە، داهاتی ئێران هەموو ساڵێک 50 ملیار دۆلار کەم دەکات و قەرەبووکردنەوەی ئەمەیش زۆر سەختە. وتیشی هەموو فشارەکان ئەمساڵ بوودجەی وڵاتەکەمان 570 ترلیۆن تمەن بوو. لە کاتێکدا بوودجەی ساڵی ڕابردوومان، 448 ترلیۆن تمەن بوو.

سەرکۆماری ئێران جەختی لەوەیش کردەوە کە هەر وڵاتێکی جیهان بکەوێتە ژێر ئەو هەموو فشارەوە بەچۆکدا دێت، بەڵام ئێران خۆڕاگری دەکات. حەسەن ڕوحانی لەبارەی ئاساییبوونەوەی ژیان و کەمکردنەوەی ڕێوشوێنەکان لە ئێران ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە بەمەرجی پابەندبوونی هاووڵاتییان بەشێکی ڕێوشوێنەکان لابراون و داواشی لە هاووڵاتییان کرد لە میانی بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەدا، دەمامک بەکاربهێنن.

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی باسی لەوەیش کرد کە هەر لە سەرەتای بلاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەوە، جگە لە چەند پارێزگایەک لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران پەتاکە کۆنترۆل کراوە و هەوڵی زیاتریش دەدەن بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئەو پارێزگایانەی وەک ناوچەی سوور دیاری کراون. حەسەن ڕوحانی لەبارەی باشبوونی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا، ڕایگەیاند "لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا، پشکنینی زیاتر ئەنجامدراوە و لەگەڵ زیادبوونی پشکنینەکان حاڵەتی زیاتر دەرکەوتوون. ئەمە هیچ لایەنێکی نەڕێنی نییە و پێویست ناکات هاووڵاتییانمان نیگەران بن".

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕێنمایی هاووڵاتییانیشی کرد بەوەی کە تا دۆزینەوەی پێکوتەیەک بۆ ڤایرۆسەکە، باشترین چارەسەر ئەوەیە شێوازی ژیانیان بگۆڕن. بەپێی ئەو ئامارانەی کە ئەمڕۆ لە ئێران ڕاگەیەندراون تا ئێستا، هەشت هەزار و 506 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە و 175 هەزار و 927 حاڵەتی تووشبوون تۆمارکراوە.

ئێران.. بەهۆی ئاهەنگگێڕانێک 40 کەس تووشی کۆرۆنا بوون

لە شارۆچکەی ئەردەڵ سەربە پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیاری ڕۆژئاوای ئێران، 40 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکران. لەو بارەیەوە قایمقامی شارۆچکەی ئەردەڵ، مەحمود کیانی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی "ئیسنا" ڕایگەیاند "پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بۆ 118 کەس ئەنجامدراوە کە بەشداریان لە ئاهەنگێکدا کردووە و ئەنجامی پشکنینی 40 کەسیان پۆزێتڤ بووە".

مەحمود کیانی باسی لەوەیش کرد کە ڕێوڕەسمەکانی پرسە و ئاهەنگ بوونەتە هۆی زیادبوونی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە و لەمەودوا هەرکەسێک ڕێوڕەسم و بۆنە ڕێکبخات، ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەکرێتەوە.



دوای 30 ساڵی دیکە ئێران دەبێتە پیرترین وڵاتی جیهان

ڕاوێژکاری وەزارەتی تەندروستیی ئێران، محەممەد سالح ئەکبەری ڕایگەیاند بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی لەدایکبوون، دوای 30 ساڵی دیکە ئێران دەبێتە پیرترین وڵاتی جیهان. محەممەد سالح ئەکبەری بە میدیای وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە "بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی لەدایکبوون دوای 30 ساڵی دیکە دەبینە پیرترین وڵاتی جیهان".ناوبراو بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە لە میانی ئەم 60 ساڵەی دواییدا، وڵاتەکەی 10 ساڵ پیرتر بووە و تێکڕای تەمەن لە 20 و پۆینت 2 ساڵەوە هەڵکشاوە بۆ 30 ساڵ بە ساڵیش ڕێژەی پیربوون بەرزتر دەبێتەوە. ئاماژە بەوە دەدرێت کە ژمارەی دانیشتووانی ئێران 83ملیۆن و 500 هەزار کەسە.



زیارەتکارانی شیعەی ئێرانی دەروازەیەکی سنووریی عێراق دەسووتێنن

مالپەڕی کەناڵی (ئەلحورە) بڵاوی کردووەتەوە، کە بەردەبەیانی دوێنێ چوارشەمە 2020/6/10 زیارەتکارانی ئێرانی بەشی پاسپۆرتیان لە دەروازەی شەلامچە لە سنووری پارێزگای بەسرە، سووتاندووە. زیارەتکارە ئێرانییەکان بەهۆی ئەوەی هێزە ئەمنی و سەربازییە عێراقییەکان ڕێگایان پێنەداون سەردانی عێراق بکەن، ئاگریان لە بەشی مۆرکردنی پاسپۆرت لە دەروازەکە، بەردەاوە.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە ئێران، عێراق لە سەرەتای مانگی ئاداری ڕابردوو دەروازەکانی بە ڕووی هاتوچۆی گەشتیاران داخست.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە: ئەمساڵ ڕێگای هەولێر- دهۆک تەواو دەکرێت



بەرێکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ڕێگاوبان ڕایگەیاند، ڕێگای نێوان هەولێر – دهۆک لە دیوی دهۆک تا دەگاتە گۆپاڵ تەواو بووە و سەرقاڵی بەشەکەی دیکەن، کە بەبەردەوامی کاری تێدا دەکەن و ئەگەر هیچ کێشەیەک نەیەتە پێشەوە، تا کۆتایی ساڵ ڕێگاکە تەواو دەکرێت و دەکرێتەوە. سدقی ئامێدی، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: دوای دەستکردن بە پڕۆژەی ڕێگای هەولێر – دهۆک، بە بەردەوامی کاری تێدا دەکرێت و بە هیچ جۆرێک نەوەستاوە، تەنانەت لە کاتی هاتنی نەخۆشیی کۆرۆناش ئەوان هەر بەردەوام بوونە، ئەمەش هەنگاوێکی باش بوو و تواناییان کاری باش بکەن بۆ تەواوکردنی ڕێگاکە.

هەوڵێریش بەردەوام کاری تێدا دەکەن بۆ ئەوەی تا کۆتایی ساڵ ئەویش تەواو بکرێت.

ڕێگای هەولێر– دهۆک، بە یەکێک لەڕێگا ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، چونکە هاتوچۆی دوو پارێزگا لەسەر ئەو ڕێگایەیە.

هەولێر... لە بارەی دەنگۆی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ ڕوونکردنەوە دەدرێت

چەند ڕۆژێکە لەناو هاوواڵتیان دەنگۆی ئەوە بڵاوکراوەتەوە، بەهۆی هەڵکشانی ژمارەی تووشبوانی کۆرۆنا لە چەند ڕۆژی داهاتوودا قەدەغەی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەندرێتەوە، جێگری پارێزگاری هەولێر ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو دەنگۆیە دەدات و ڕایدەگەیەنێت، ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبونەوەی کۆرۆنایە. هێمن قادر، جێگری پارێزگاری هەولێر بە کوردستان24ی ڕاگەیاند: بەپێی ڕەوشی تەندروستی لەلایەن لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبونەوەی کۆرۆنا بڕیار دەدرێت، کە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە لیژنەکەدا ئەندامن، بەڵام ئێستا لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی هەولێر هیچ بەرنامەکمان بۆ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ نییە. گوتیشی: ئێستا بەرنامەی ئێمە گرتنەبەری ڕێکارەکانی خۆپارێزییە، لە قەزاو ناحییەکان هەڵمەتی دابەشکردنی دەمامکمان ڕاگەیاندووە، هاوکات لیژنەکان چاودێری بازاڕ دەکەن، ماوەی چوار ڕۆژدا نزیکەی 950 شوێن داخراون.

دهۆک... تۆڕێکی بازرگانی و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکران



K24 هەولێر: تۆڕێکی بازرگانیکردن و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە دهۆک دەستگیرکران، کە لە شەش کەس پێکهاتوون و زیاتر لە نۆ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەریان پێبووە.

بنکەی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە دهۆک ڕایگەیاند ماوەیەکە ماددەی هۆشبەر چ وەکو بازرگانیکردن، یان وەکو بەکارهێنان و کێشان لەلای گەنجان زیادبووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی بنکەی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە دهۆکدا هاتووە لە ڕێککەوتی 6-8-2020کارمەندانی بنکەکەمان توانیان لە ئۆپەراسیۆنێکدا تۆڕێکی بازرگانی و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر دەستگیربکەن.

ئەو گرووپە لەنێو سەنتەری پارێزگای دهۆک دەستگیرکراون، ژمارەی دەستگیرکراوەکان شەش کەسە و بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە نۆکیلۆ و 185گرام ماددەی هۆشبەریان پێبووە لەجۆری: هیرۆین، کریستاڵ، حەشیش، تریاک و مەریوانا. لە لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، تۆمەتبارەکان دانیان بەوەدانراوە ویستوویانە ئەو ماددە هۆشبەرانە لەنێو گەنجاندا بڵاوبکەنەوە. بنکەی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە دهۆک دەڵێ کەیسەکیان داوەتە دادگا.

کاتی ئاڵوگۆڕیی بازرگانی لە مەرزەکاندا لەگەڵ ئێران زیاد کرا



پارێزگاری هەڵەبجە و کرماشان ڕێک کەوتوون لەسەر ئەوەی کاتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە مەرزە بازرگانییەکان زیاد بکەن و ڕێکارەکانی تەندروستی توند بکەنەوە و قەرەبالخی لە مەرزەکان نەهێڵن و بازاڕچەی سازان بکرێتەوە.

کاوە عەلی، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕایگەیاند: کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پارێزگاری هەڵەبجە و کرماشان لە مەرزی پشتە لەسەر چەند خاڵێک بوو، یەکەم تۆندکردنەوەی ڕێنماییە تەندروستییەکان لە هەردوو مەرزی پشتە و تەوێلە-شووشمێ لەلایەن هەردوو لامانەوە، تۆندوتۆڵکردنی سنوورەکان لەلایەن هەردوو لاوە، خاڵی دووەمی کۆبوونەوەکە باسکردن بوو لە بەنێودەوڵەتیکردنی هەردوو مەرزەکە، ئێستا حکوومەتی ئێران داواکارییەکەی ئاراستەی حکوومەتی عێراق کردووە. کاوە عەلی گوتیشی: خاڵی سێیەمی کۆبوونەوەکە باسکردن بوو لە تەواوکردنی هەنگاوەکانی کردنەوەی بازارچەی سازان، ئەو ڕێکارانەی ماوە لەلایەن هەردوولاوە بەزووبی تەواو بکرێت و گفتوگۆکردن لەسەر تەواوی ئەو کێشانەی لە سنوورەکان هەن و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی هاتنە ناوەوە و ڕێشتن، بۆ ئەوەی قەرەبالخی لە مەرزەکان دروست نەبێت و ئاڵوگۆڕی بازرگانی زیاد بکات. عەلی زانیاریی زیادی دا و گوتی: کاتی هاوردە و هەناردە لە مەرزەکانی تەوێلە-شووشمێ و پشتە لە سەعات 6:30ی بەیانی بۆ سەعات 8ی بەیانی بۆ 6ی ئێوارە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەو مەرزانەدا هەبوو.

باس لەوەش کرا: لەلایەن ئێرانەوە کارەبا بۆ مەرزەکان دابین بکرێت، بەڕێوەبەرایەتیی کارەبای هەڵەبجە و کرماشان کۆ دەبنەوە، بەڵام لە دەسەڵاتی وەزارەتی کارەبادایە ڕێکەوتن بکات بۆ پێدانی کارەبا بە مەرزەکان لەلایەن ئێرانەوە تا ئەوکاتەی کارەبای حکوومەتی هەرێم دەگاتە مەرزەکان. کاوە عەلی وای گوت.

پارێزگای هەڵەبجە لەگەڵ پارێزگای کرماشان سنووریکی فراوانی هەیە و هەردوو مەرزی پشتە و تەوێلە-شووشمێ و بازارچەی سازان و چەندین مەرزی بازرگانیی قاچاخیان بە یەکەوە هەیە.

لە هەولێر 16 بەڕێوەبەری ناحیە دەگۆڕدرێن

جێگری پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە سنووری پارێزگای هەولێر دەست بە گۆڕانکاری لە پۆستی 16بەڕێوەبەر کراوە و ڕۆژانی 10و 11ی 6/2020هەر 16بەڕێوەبەرەکە دەگۆڕدرێن.

هێمن قادر، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە ئیدارییەکان لە سنووری پارێزگاری هەولێر، گۆڕانگاری لە کۆمەڵێک بەڕێوەبەری ناحیەدا دەکرێت و دەست بە گۆڕانکارییەکان کراوە. قادر گوتیشی، 16بەڕێوەبەری ناحیە گۆڕانکاریان تێدا دەکرێت و لەدوو ڕۆژدا سەرجەمیان دەگۆڕدرێن، ئەمەش هەر لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بە بەردەوامی ئەنجام دەدرێن.

هەولێر... بە هۆی پابەندنەبوونیان 40 بنکە و شوێنی گەشتیاری داخران



وەزارەتی گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڵاویکردەوە، کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەولێر لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان پێکهێناوە و بەهۆی سەرپێچییەوە، دوێنێ چوارشەمە 2020/6/10 40 بنکەی گەشتیاریش لە هەولێر داخران. لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتوگوزاری هەولێر 7 لیژنە بۆ ناو شاری هەولێر پێکهاتووە و هەر بەڕێوەبەرایەتییەکیش لە شارۆچکەکان لیژنەی تایبەتی خۆی پێکهێناوە، لە ماوەی 3 ڕۆژی کارکردنی لیژنەکە، زیاتر لە 700 بنکە لەناو شاری هەولێر و 150 بنکە و شوێن لە دەرەوەی شار بەسەرکراونەتەوە و دەستکێش و دەمامک و ڕێنوێنی خۆپارێزی و تەندروستی دراوەتە بنکەکان.

ئێستا ئەو بنکە و شوێنە گەشتوگوزارییانە، بەداخستنی شوێنەکانیان سزادراون و شوێنەکانیان ناکرێنەوە تاوەکو بە تەواوی پابەندی ڕێنماییەکان نەبن.

قایمقامیەتی کۆیە: دەوامی سەرجەم دامودەزگا حکوومییەکانی سنوورەکە کرانە پشوو



بەپێی ڕاگەیەندراوێکی قایمقامیەتی قەزای کۆیە کە بەشی ڕاگەیاندنی قەزاکە بڵاوی کردووەتەوە، لەپێناو پاراستنی تەندروستیی هاوواڵتیان لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبونەوەی کۆرۆرنا لە کۆیە بڕیاری دا بۆ ئەمڕۆ پێنجشەممە دەوامی سەرجەم دامودەزگا حکوومییەکان بکرێنە پشوو. لەمبارەوە قایمقامیەتی قەزای کۆیە چەند بڕیارێکی دەرکردووە کە کە هەندێکیان بریتین لە: – ڕاگەیاندنی پشووی فەرمی لە سەرجەم دامودەزگا حکوومییەکان بۆ ئەمڕۆ پێنجشەممە 2020/6/11

-قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە بازگەکانی دەرەوەی شار لە سنووری قەزای کۆیە.

– داخستنی کافریا، گازینۆ، چایخانەکان، شوێنی یاریی منداڵان، شوێنەکانی تایبەت بە ئەتاری و گەیم و سەنتەرەکان.

– داخاستنی هۆڵەکانی ئاهەنگ و بۆنەکان، هۆڵەکانی لەشجوانی

– قەدەغکردنی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەناو بازاڕی شاری کۆیە،

– چێشتخانە و خواردنگەکان خواردن بە شێوەی دلیڤەری ئامادە دەکەن.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/11 ژمارە (5951)

سلێمانی.. بەستنی دەمامک دەبێتە کولتووری خودپارێزی

خاوەنی کۆمپانیایەکی دابەشکردنی دەمامک و دەستکێش: دەمامک هەیە دەستەیەکی 50 دانەیی بە نرخی جومڵە بە 10دۆلارە، کە چینی و ئێرانیەکەیە، هەشە بە 10 هەزار کە خۆمالّییەکەیە

دەستگێڕێکی فرۆشتنی دەماک و دەستکێش، هاوبیر عومەر: ڕۆژانە 80- 100دانە دەمامک دەفرۆشم کە نرخەکانیان دەگۆڕێت لە 500 دینارەوە بۆ هەزار و 250 دینار



هاووڵاتییەک: من بۆ خۆپارێزی کە کارم دەبێت لە بازاڕ، بە دەستکێش و دەمامکەوە دێمە دەرەوە، چونکە دەزانم تاکە ڕێگەی خۆپارێزییە لەم قایرۆسە، جگە لەوەی تێکەڵ بە شوێنی قەرەباڵغ نابم.

خەبات- سلێمانی:

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ و زیادبوونی ڕێژەی مردن لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتییان زیاتر ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ دەکەن و بەو هۆیەشەوە شەقام و کۆڵانەکان و شوێنە گشتییەکان چۆڵییان پێوە دیارە، سەرەڕای پەیڕەو نەکردنی قەدەغەکردنی هاتوچۆ. ئەو هاووڵاتییانەی کە ناچارن لەبەر بژێوی ژیانیان بچنە دەرەوە و شوێنە قەرەباڵغەکان، لەڕێی بەکارهێنانی دەمامک و دەستکێشەوە هەوڵی خودپارێزی دەدەن، ئەمەیش خواستی لەسەر دەستکێش و دەمامک زیاد کردووە.

لەئێستادا بەشێکی زۆری هاووڵاتییان و کاسبکاران لەنێو بازاڕەکانی شاری سلێمانیدا، بە دەمامک و دەستکێشەوە کارەکانی ڕۆژانەیان ڕایی دەکەن، بەهۆی خواست لەسەر ئەو دوو کالاّیەش، نرخەکانی بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیەوە، جگە لەوەی بەچەندین کوالیتی جیاجیا لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت.

ئیسماعیل ئەحمەد کە یەکێکە لە جومڵە فرۆشانی دەستکێش و دەمامک لە شاری سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەرەتای هاتنی شەپۆلی قایرۆسی کۆرۆنادا هەریەک لە جێلّی ئەستێورکردن (تەعقیم)، دەمامک، دەستکێش و کهول زۆرترین خواستیان لەسەر بووە، بەلاّم لەئێستادا و دوای دووبارە گەڕانەوەی قایرۆسەکە، دەستکێش و دەمامک بەڕێژەیەکی بەرچاو سەرف دەبێت.

ئیسماعیل ئەحمەد باس لەوە دەکات کە جۆر و کوالیتی دەستکێشەکان جیان و هەریەکە و لە ولاّتێکەوە دەهێنرێت، بەتایبەت ئێران، چین، مالیزیا و ئیمارات، هاوکات لە ناوخۆیشەوە دەمامک دروست دەکرێت و بە نرخێکی گونجاو دەفرۆشرێت. ئیسماعیل ئەحمەد دەلّێت: دەمامک هەیە دەستەیەکی50 دانەیی بە نرخی جومڵە بە 10دۆلارە کە چینیە و ئێرانیەکەش بە 10دۆلارە هەشە بە 10هەزار کە خۆمالّییەکەیە.

ناوبراو ڕایدەگەیەنێت کە دەستکێشیش خواستی لەسەرە لەلایەن خەڵکەوە و ئەوان بە کۆ (جومڵە) دەفرۆشن و دواتر دەستگیر و دووکانەکان خۆیان بە نرخێک کە خێری تێدا بێت بۆخۆیان دەیفرۆشنەوە.

هاوبیر نوری 22ساڵ، یەکێکە لە دەستگیرەکانی فرۆشتنی دەستکێش و دەمامک لە شەقامی مەولەوی و خوار مزگەوتی گەورە، هاوار دەکات «وەرە خۆت و مالّ و منداڵت بپارێزە بە 500دینار». ئەو گوتی: من ڕۆژانە 80-100دانە لەم دەمامکانە دەفرۆشم کە هەر دانەی بە 500دینارە، هەشمانە بە 1000دینارکە لەو باشترە، ئێرانیشمان هەیە بە 1000 دینار دەیفرۆشم، هەریەک لە ڕەنگەکانی سپی، ڕەش و شینمان هەیە، بەس ڕەشەکە زۆرتر سەرف دەبێت کە بەهەزار دینار.

هاوبیر نوری ئاماژە بەوە دەکات کە لەدوای سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی قایرۆسەکە، هاووڵاتییان زۆرتر دەمامک دەبەن و بەکاری دەهێنن، بەتایبەت ئەوەی کە لەنێو بازاڕ لەبیری چووبێت، یاخود دەمامکەکەی خۆی بەکەڵک نەمابێت، لێرە لە دەستگیرەکانی دەکڕێت.

لەئێستادا سێ جۆر کوالیتی لە دەمامک لە بازاڕەکانی سلێمانیدا دەبینرێت کە ئەوانیش ئێرانی، چینی و دەستکردی ناوخۆیە کە هەریەکەیان بە نرخێکی جیا دەفرۆشرێت.

ڕێبوار کەریم محەمەد 50ساڵ کە فەرمانبەرە لە زانکۆی سلێمانی باس لەوە دەکات کە زۆرجار بۆ بێتاقەتی دەچێتە بازاڕ و ئاماژە بەوە دەکات لەوەتەی نەخۆشییەکە سەرلەنوێ تەشەنەی کردۆتەوە، نێو بازاڕ چۆڵ بووە و دەلّێت: نێو بازاڕ چۆڵ بووە، ڕاستە خەڵکی سلێمانی گوێڕایەڵن بۆ ڕێکارەکان، بەلاّم هەندێک هەن کە گوێ نادەن.

ئەو هاووڵاتییە گازندەی ئەوە دەکات کە هەموو هاووڵاتیان وەک یەک پابەند نین بە ڕێنماییەکانی بەستنی دەمامک و دەستکێش و دەلّێت، «جووتێ دەستکێش بە 500 دیناڕە، دەمامکێکیش بە 500 دینارە واتە ڕۆژی هەزار دینار، با ئەو هەزار دیناڕە خەرج بکەیت باشترە لەوەی دوای کە تووشبیت و بەهیچ چاک نەبیتەوە، یان هەرکەسەو سێ هەزار و 500 دۆلاری تێبچێت".

بە هۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانەوە

دادوەر/ حسن علی مراد امین

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران/هەولێر
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی شوێنی فرۆشگا (حانوت) لە ناو بینایەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بە شێوەی زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) وە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٨٦) , بۆیە هەر (سوپەرمارکێتێك یاخود کۆمپانیایەکی بواری خۆراك یاخود بەڵێندەرێك) ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بکات لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ کە دەست پێدەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی , وە گشت خەرجیکانی بەکرێ دان دەکەوێتە ئەستۆی کرێچیەکە .
مەرجەکانی بەشداری کردن :-
١- بۆ هەموو بەشداربووان دەبێت (cv) سیڤی لەگەڵ خۆیان بهێنن کە لەم بوارەی کە ئاماژەمان بۆ کردووە کاری کردبێت .
٢- دەبێت خاوەن کۆمپانیای بواری خۆراك بێت و بروانامەی کۆمپانیای هەبێت و سنورداربێت یاخود زنجیرە مارکێتی هەبێت .
٣- دەبێت ئەستۆپاکی (باجی دەرامەت) و (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بهێنێت .
٤- بارمتەی یاسایی بە بری (٤٠,٠٠٠,٠٠٠) چل ملیۆن دینار بە شێوەی چەکی پەسندکراو بهێنێت.
٥- دەبێت ناسنامە و کارتی زانیاری هەولێر بێت .
هێمن فاروق حسن
بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٣٦٤٤/١٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٦/٩
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (١٥) پازدە یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٨٠١ , ١١٧/١٤٣٦ م ٤٥ وارش ٣٥٤/٥ م ٤٥ وارش رووبەر/ ٦٨٩٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل بەهای خەملاندن/ ٢٧٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ سێ ساڵ.
تێبینی: پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان
بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنیت
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٣٦٧٠/١٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٦/١٠
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی موڵك لە (دوکان ، گەراج ، مارکێت ، کۆشك.. هتد) لەم گەرەك و ناوچانەی کە لەخوارەوە هاتووە بەرێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) بازاری گەرەکی رووناکی ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١٠ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٢- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) بازاری گەرەکی سێتاقان ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١٥ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٣- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) بازاری گەرەکی کوردستان ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ٩ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٤- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) بازاری گەرەکی مامۆستایان ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١٢ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٥- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) بازاری پشت زراعە ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١٣ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٦- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور/ پشت شرکە ٧٧ ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١٤ کارگە ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٧- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ٢ گەراج ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٨- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٩- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) گەرەکی شادی ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٠- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) گەرەکی نەوروز ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ فرنی صمون ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١١- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١٧١ شێخ احمد ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ گەراج ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٢- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) گەرەکی نەوروز ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ دوکان (ئارایشگای خانمان) ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٣- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) گەرەکی مهاباد ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٤- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١/١ تورەق ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ٥ گەراج ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٥- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ١/١ تورەق ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ٣ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٦- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) بازاری گەرەکی منتکاوە ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١٧ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٧- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ٨٦ دوکان ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٨- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) گەرەکی کوردستان ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
١٩- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) گەرەکی کوێستان ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٢٠- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوپارکی پێشمەرگە ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ٢ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٢١- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ٤٤ وارش ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ٣ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٢٢- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ٤٥ وارش ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ٢ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
٢٣- شوێن (گەڕەك ، ناوچە) ناوچەی ٩٣ حسارۆك ژمارە و جۆری بەکارهێنان/ ١ کۆشك ماوەی بەکرێدان/ یەك ساڵ تێبینی/ ماوەی بەکرێدان بە بەپێی نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (٢٠٥٢) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ دیاریکراوە.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (سالار بادی) بۆ (بازرگانی گشتی وبازرگانیا گوشت وپەلەوەر وهێلکە - هاوەردە وهەناردە / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / بوتان سگڤان رشید
ناڤ ونیشان / دهوك - بروشکی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٣٠٢١١٣٣

تەلعەت سامان.. شانۆی مقاوەمەت



حەیدەر عەبدولڕەحمان

هەر کات باس لەشانۆی مقاوەمەت بکرێت لەکوردستاندا، ئەوە بێ شک ڕۆڵی هونەرمەندی گەورە تەلعەت سامان لپێشەوەی ئەو شانۆکارانەوە دێت، کە لەرۆژە هەرە سەخت و دژوارەکاندا، شانۆیان کردبوو بەسەنگەرێک بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ستەمکاری و گەشەسەندنی پشکۆی کوردایەتی لەدڵی جەماوەرێکی تینوو بۆ ئازادی..

کاتێ سالانی حەفتاکان و هەشتاکانی شانۆی کوردی بەسالانی زێڕین ناو دەبرێ، ئەوە دیارە فاکتەری بەزێڕین بوونی ئەوە بووە کە شانۆ لەو قۆناغەدا خاوەن دۆزێکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەورە بووە، هەمیشە گوزارشتی لەهەست و نەستی جەماوەرو کەفو کۆڵی بەجۆشی لاوەکان کردووە، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمکاران و مقاوەمەت کردن دژی جەزرەبەدان.

دیارە شانۆکارێکی خاوەن هەڵوێست و نیشتمان پەروەری وەک (تەلعەت سامان) یەکێک بووە لەپێشەنگەکانی شانۆی مقاوەمەت، بەتایبەت بە بەرهەمە بەپێزەکانی وەک (ئەژدیها) و (شاری ئەوین) و چەندین نمایشی تر، کە هۆڵەکانی شانۆیان دەهێنایە هەژان و ترس و خرۆشێکی گەورەیان لای داگیر کاران دروست دەکرد، بەو ڕاددەیەی ناچاری ئەوە دەبوون، نمایشەکان ڕابگرن و هەڕەشە لەشانۆکارەکانیشی بکەن .

خەڵکی لەو سەردەمەدا شانۆی بەلاوە سەنگەرێک بوو، بۆیە شانۆ جەماوەر ئاوێزانی یەکتر ببوون و هەڵگری یەک ئامانج و یەک هیوا بوون ، ئەوەی لە شانۆدا دەبیندراو دەبیسترا، هەمان ئەو ئامانج و نیشانانە بوون کە پێشمەرگە لە شاخ خەباتی لە پێناودا دەکرد،بەتایبەت لەشانۆگەریەکانی وەک (نەفرەت لێکراو، جەنگاوەرێکی شێت، خەملی پەمۆ، قەلو ڕووتە، ئەژدیها، شاری ئەوین ، قەلو ڕووتە، حەمە وەی وەی، قەلای دمدم، فایلی 67 خەج و سیامەند، حەمەدۆک، ئەفسانەی چیای ئاگرێ،خالۆی ڕێبوار ،حوکمی قەرەقوش، خانزادێکی تر ، زنجیرە درامای کەوەکانی قەرەچوغ و فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە زۆر بەرهەمی تر.

هەموو ئەو شانۆگەریانەی (تەلعەت سامان) لەشارو شارۆچکەکانی کە لەکوردستاندا پێشکەشی دەکردن، دەقەکانی لەنووسینی خۆی بوون، بۆیە ئەو فەلسەفەو ئایدیایانەی لەدەقەکاندا هاتوون ڕەنگدانەوەی ئەو هەستە نەتەوەییە خاکیە بووە، کە تەلعەت سامان هەیبووە بەرامبەر بەدۆزی نەتەوەکەی، کە لە هیچ دەورو زەمانێکا بۆ هیچ ئامانجێکی تاکی و تایبەتی خۆی سازشی لە سەر نەکردووە لەپێناو بەرژەوەندییەکی تەسکی خۆی، ئەو هەمیشە لەپەنای ئەو پەیامە نەتەوەییەی هەڵی گرتبوو، چاوەڕوانی هەموو ئەگەرێکی دەکردو ئامادەباشیشی هەبوو بۆ هەڵگرتنی هەموو ئەنجامەکانی چەند ئەوەندەی ئەو ئەنجامانە باجی گەورەشییان لە سەر بووبێت.

بۆیە تەلعەت سامان چۆن سازشی لەسەر ئەو بیرو باوەڕە کوردانە نەکرد کە لەرۆژانی مقاوەمەتدا هەڵی گرتبوو، بەهەمان شێوەش لەرۆژانی ڕەشی تری سەردەمی برسیەتی و نەداری و کۆیرەوەری، هەر ئەو تەلعەت سامانە مایەوە، کە خاوەنی کەسایەتی پارێزراوی خۆی بێت و لە دەرگای هیچ بەندەیەکی خوا نەدات بۆ هیچ خواستێکی تایبەتی خۆی.

بۆیە جگە لەوەی تەلعەت سامان سونبولێکی نەتەوەیی شانۆی کوردی بو، لەهەمان کاتیشدا مرۆڤێکی گەورەو ئازیزی نێوەندی کۆمەڵایەتی بوو، خەڵکی ڕێزی لەرابوردووی پاکی ئەو پیاوە دەگرت، شانازی بەهەڵوێستی مرۆڤانەی دەکرد، چونکە شتێ لەدنیای ئەمڕۆی گەمەی سیاسی نەدەزانی ، فێری پەت پەتێنی و خۆ هەڵواسین و پاشقۆڵی نەببوو ، ئەوەندەی بەس بوو کە تەلعەت سامانە، تەلعەت سامانێک کە خاوەنی گەنجینەیەک بێت لەنەزاهەت و کاری شەرەفمەندانەو کوردانە.

لایەنێکی دیکەی هونەری تەلعەت سامان ئەوە بوو، کە ئەو لە سەرەتاکانی حەفتاکاندا بوو بە قوتابخانەیەک بۆ شانۆی واقیعی و لەو قوتابخانەیەدا بەسەدان ئەکتەری بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە شاری هەولێردا دروست کرد، ئەو ئەکتەرانەی تەلعەت سامان لەو قوتابخانەیە دروستی کردبوون، مۆرک و خەسڵەت و فۆرمی نواندنی تەلعەت سامانیان پێوە نووساو هەتا ئێستاکەشی لەگەڵ دابێت و زۆ ڕینەی ئەکتەرە کۆنەکانمان پەروەردەی دەستی ئەون و ئەو مۆرک و فۆرمەیان لێ جیا نابێتەوە کە لەسەر دەستی تەلعەت سامان فێری بوون.

تەلعەت سامان لەسالانی حەفتاکاندا چەندین تیپی شانۆیی دروست کردووە، کە بوونەتە سەرچاوە بۆ گرد بوونەوەی زۆر لەوانەی ئارەزووی نواندنیان دەکردو ئەگەرچی دەرچووی هیچ ئەکادیمیایەکی هونەری نەبوو، بەڵام لەو تیپانە کاری ڕاهێنان و وۆرک شۆپیان بۆ دەکر،کە ئەو ڕاهێنانە ببێتە ئەلتەرناتیف بۆ ئەکادیمیا، چونکە ئەو حەماس و کەفو کۆڵەی ئەکتەرەکان هەیانبوو بۆ کاری شانۆیی، دەبووە سەرچاوە بۆ دروست بوونی وەک ئەکتەرو هاتنە سەرشانۆ.

بۆیە ئەگەرچی ئەو نمایشانەی لەو سەردەمەدا پێشکەش دەکران، ئەگەرچی شانۆی واقیعی بوون و لە ڕووی تەکنیکەوە وەک ئێستا نەبوو، بەڵام سوور بوونی شانۆکارەکان و ئەو ئارەزووەی هەیان بوو بۆ فێر بوون و ڕاهێنان و هاتنە سەر شانۆ ، دەبوونە هەوێنی سەرکەوتنەکان

بێگومان هەر سەردەمێک مۆرکی تایبەتی خۆی پێوەیە ، بۆیە سالانی حەفتاکان کە دەستپێکی دەرچوونی ژمارەیەکی بە دەگمەن بوو لە قوتابیە ئەکادیمیە شانۆییەکانی بەغدا، لەوانەش دەرچوونی تەلعەت سامان ـ کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر دروست بوونی بزاڤێکی شانۆیی ، بەتایبەت شانۆی واقیعی.

تەلعەت سامان توانی ئەو ئەزموونەی لەئەکادیمیا بەدەستی کەوتبوو، بیگوازێتەوە بۆ هەولێرو بۆ گەنجە هەوادارەکانی شانۆ لەو شارەدا بەرجەستەیان بکات، ئەگەرچی هیچ پشتگیرییەکی ماددی نەبوو بۆ شانۆ، بەڵام زۆر لەشانۆکارەکان خۆبەخشانە کاربیان بۆ شانۆ دەکرد، ئەو خۆبەخشیەش دیسان هەر لە ڕۆحی کوردانەی ئەو گەنجە شانۆکارانەوە دروست دەبوو کە شانۆیان دەویست بەهەموو دەرهاویشتەکانییەوە.

تەلعەت سامان کێیە ؟

لە سالی 1946لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە سالەکانی 1970-1968 بەکالۆریۆسی لە بەشی شانۆیی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداد بەدەستهێناوە.

دەستپێکی کارەکانیشی لەسالی 1962بەنووسینی چەند درامایەک بووە ، دامەزرێنەری تیپی قوتابیانی هونەری بەغداد بووە لەسالی 1969وەکو دەرهێنەریش لەچەندین دراماو زنجیرەی تەلەفزیونی و شانۆیی کاری کردووە، وەک وەرگێڕیش چەندین دەقی شانۆیی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

لەسالی 1970تیپی لاوانی دیموکراتی کوردستانی دامەزراندوە، لەسالی 1972 لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی دامەزراندووە، لەسالی 1974تیپی هونەری نوێی دامەزراندووە، لەسالی 1992تیپی شانۆیی سامانی دامەزراندووە، لەسالی 1996 سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە، پاشان بووەتە سەرۆکی مەڵبەندی گشتی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لەشاری هەولێر].

ئێوارەی 14-01-2019 بە ڕووداوی هاتوچۆ لەنێوان پیرمام و هەولێر کۆچی دوایی کرد.

بەڵام تەلعەت سامان دوای دروست کردنی میژوویەکی پڕ لە شانازی ئۆغری کرد ، کە تا قەڵای هەولێر مابێت تەلعەت سامانیش دەمێنێت.

خالند ئەحمەدی: ئەدەبیات بیر و هزری مندالە بەرەو پێش دەبات

دیمانە: ڕۆستەم خامۆش

بۆ زیاتر گرنگیدان بە ئەدەبیاتی منداڵان و ئاوڕدانەوە لە کەسایەتیەکانی ئەو بواڕە، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ شاعیر "خالند ئەحمەدی ساز بکەین، خالند ئەحمەدی لە سالی 1970ی زایینی لە شارەدێی "ڕەحیمخان" ی سەر بە شاری بۆکان لە دایکبووە. سەرەتایی و ناوەندی لە زێدەکەی خۆی خوێندووە و پاشان لە بۆکان و ورمێ و مەهاباد دریژەی بە خوێندنداوە. ماستەری لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی هەیە و 29سالە مامۆستای قوتابخانەیە. دوو کتێبی بۆ منداڵان چاپکردووە و 3کتێبی تریشی بۆ منداڵان ئامادەن بۆ چاپ. ئێستا لە شاری بۆکان نیشتەجێیە.

*** لە کەیەوە خولیا و ئاشنابووی بە جیهانە پاک و ڕەنگین و جوانەکەی منداڵان، پێش ئەوەی بۆ زارۆکان بنووسی، خوێندنەوەت هەبوو بۆ ئەدەبیاتی منداڵان؟**

– هەر لە هەڕەتی لاویی کاتێک قوتابی بووم ،کتێب و گۆڤاری کوردیم دەخوێندەوە ،هۆگرێکی زۆرم بۆ شێعر هەبوو ، جار و بار نامەم دەنووسی بۆ بەشی کوردی ڕادیۆی تاران ،لە نامەکاندا هۆنراوەشم بە کاردێنا و خەڵک و دۆستان گوێیان لێدەبوو. هانیانەدام بۆ نووسین ،تا سالی ـ بۆ ناوەندی فێرکردن و بارهێنانی مامۆستایان لە ورمێ دەرچووم ،زیاتر لە گەڵ ئەدەبی منداڵان ئاشنابووم و کاتی باشم بۆ ڕەخسا تاکو چیرۆک و شیعر بخوێنمەوە. جار و بارەش دەقێکی بەسیت بنووسم ،یا چەند دەقێک وەرگێڕم بۆ زمانی کوردی ،کە بووم بە مامۆستای سەرەتایی ،بەرە بەرە چوومە نێو بواڕەکەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامم. ئومێدەوارم توانیبێتم خزمەتێکی هەرچەند بچووکیش بێ بە ئەدەبی منداڵان و زمانی کوردی بکەم.

*** تۆ لە شیعر نووسین بۆ منداڵاندا، چ مەبەست و پەیامێکت هەیە، یاخود دەتەوێ زارۆکی کورد بە چی ئاشنا بکەی؟**

– ئەدەبی کوردی و ئەدەبی منداڵان بەگشتی ئامانجی ئەوەیە خوێنەری خۆی شاد بکا ،منداڵ کاتێک دەقێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە هەست بە خۆشحاڵی بکا ،شاد و سەربەست بێ و خزێنەی فێربوونی وشەی ڕوو بە زیاد بوون بێ و یارمەتیدەرێک بێ بۆ باشتر فێربوونی وانەکانی لە قوتابخانە, هەستی ببزوێ و هۆگری پەیاکە بە خوێندنەوە و نووسینی زمانی زکماکی خۆی تا ئەویش بتوانێ خزمەتگوزاری زمان و ئەدەبی میللەتەکەی خۆی بێ، هەڵبەت نووسراوەی منداڵان دەبێ ساکار و ڕەوان بێ، لە گەڵ هەست و ڕەوشتی ئەواندا گونجاو بێ.

*** تا ئێستا چەند کتێبت بە چاپ گەیاندووە بۆ منداڵان؟**

– دوو کتێبی شیعرم بۆ منداڵان چاپ و بڵاوکردووەتەوە لە گەڵ هێندێک وتار و شتی هەمە جۆر لە گۆڤارەکاندا ،کە چەمکی چیرۆک، شیعر، تەنز و وەرگێڕان لە خۆ دەگرن ،کتێبەکان ئەوانەن: (هەلاوە مەلاوە، شیعر بۆ منداڵان، چاپی تاران سالی 1384ی هەتاوی) هەڵبەت ئەوەش بڵێم هەوەڵ کتێبی شیعری منداڵان بوو ،کە بە شێوەی فەرمی لە شاری بۆکان بڵاوکرایەوە ،پاش من کەسانێکی تریش کتێبیان بۆ منداڵان بە چاپ گەیاند. کتێبی دووەم (بووکە باران، شیعر بۆ منداڵان چاپی بۆکان، .(1394ئەو دوو کتێبە پێنج شەش مانگێک لە بازاڕ دابوون ،بەڵام ئێستا نەماون و وەچنگ ناکەون, بۆشم نەلواوە دیسان لە چاپیان بدەمەوە.

*** ڕەوشی ئەدەبیاتی منداڵان لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا چۆنە، بایی ئەوندە شاعیران و نووسەرانی کورد هەن، کە بۆ ئێستا و داهاتوو جێگەی دڵخۆشی و خۆشحاڵیی بن، یان هەنگاوی باش نراوە بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی ئەم بوارە؟**

– لە هەموو بوارەکاندا و لە ڕاستەقینەی ژیان و ژینگەی ئەدەبی منداڵان و زمانی کوردی کوردستان، وەکوو بادینی، سۆرانی، ئەردەڵانی، کورمانجی (باکووری خۆراسان) ، کەڵهوڕی، لەکی و... هتد. هەنگاوی باش نراوە و بەرهەمی بە پێز بڵاوکراوەتەوە و جێگای ئۆمێد و دڵخۆشییە و لە بەشەکانی دیکەیی کوردستان بەجێنەماوە، بەڵام خزمەت بە زمان نابێ بوەستێ ئەشێ هەر بەردەوام کار بکەین هەوڵ بدەین، ئەدەبیاتیش وەک موزیک و بەشەکانی تری هونەر هەمیشە دەبێ لە گەشە و نەشە دابێ تاکوو بەرەو پێش بڕوا و لە ئەدەبی گەلانی تر وەدوا نەکەوێ.

*** بە دید و بۆچوونی تۆ، ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، لە ئێستادا لە چ ئاستێکدایە و چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟**

– لە چاو گەلانی دراوسێ خزمەتی باشی پێنەکراوە، ئەوان خاوەن وڵاتن و زمانەکەیان فەرمییە (ڕەسمییە) ، توانیویانە بۆدجەیەکی زیاتری بۆ تەرخان بکەن، بە خۆشییەوە پێموایە ئەدەبی منداڵانی کوردیش ئایندەیەکی ڕووناکی گرشەداری لە پێش دایە ، لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا بەرهەمی جوان و بە پێز بۆ منداڵان بڵاوکراوەتەوە ,کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

*** ئەو جیاوازیانە چین، کە نووسین بۆ گەورەسالان و منداڵان لێک جودا دەکەنەوە؟**

– لە نووسینی منداڵاندا هەست و خەیاڵ منداڵانە و سادەیە، واژەکان ساکار و لە زمان خۆشن. نووسەری منداڵ ڕۆڵی ئەوان دەگێڕێ وەک ئەوان بیر دەکاتەوە، نووسراوەی منداڵان لە کایە و یاری منداڵان نزیکن و وا باشە تێکەڵاو لەگەڵ تەنز و خەندەو پێکەنین بن، منداڵ شاد بکەن و خەم و پەژارە و ماندوو بوون لە بیر بەرنەوە. شیعری منداڵ کێشی کورت و سووکە و لە گۆرانی شیعری زارەکی منداڵان نزیکە. لە کۆنیشدا مامۆستایان "فایق بێکەس و گۆران" ئەوانەیان لە بەرچاو گرتووە.

*** ئەدەبیاتی منداڵان، دەتوانێ چ ڕۆڵێک ببینێ، بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە ؟**

– ڕۆڵی کاریگەری هەیە. ئەدەبیات بیر و هزری منداڵ بەرەوپێش دەبا ،خزێنە وشە و بیر و هزری خوێنەر وەگەشە و نەشە دەخا. هێندێک وشە و ڕستە هەیە, کە لە شیعردا کەمتر خۆ دەنوێنن ,بەڵام بە ئاسانی لە نێو چیرۆک و ڕۆماندا دەتوانن بێنە ئاراوە و جێ بگرن. بۆ وێنە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و... هتد.



*** هەیە پێی وایە، کە ئەدەبی منداڵانی کورد لە ئاستێکی باشدایە و بەرەو پێشچوونە و هەیە دەڵێ تا ئێستا خاوەنی ئەدەبی ڕاستەقینەی منداڵان نین، ڕای تۆ لەم بارەیەوە چیە؟**

– من بەگشتی خۆش بینم و ئەدەبی منداڵان لە ئاستێکی باش دا دەبینم ,هێندێک بڕوایان وایە دەڵێن منداڵ دەبێ بۆ خۆی لە بواری ئەدەبی خۆیدا بنووسێ، من لە گەڵ ئەوەدانیم. لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا زیاتر گەورەکان بۆ منداڵیان نووسیوە، منداڵ کوا دەتوانێ شاکاری ئەدەبی بەرز بخوڵقێنێ، بەڵکوو ئەوە نووسەری بەئەزموونە دەتوانێ هەست و دەروونی منداڵ و گەورەش بهەژێنێ و داگیری بکا ,هەر نووسەرێکی بە ئەمەگ دەبێ هەوڵ بدا خزمەتی ئەدەبیی منداڵانیش بکا ,بۆ نموونە دەتوانین.. "ئەحمەدی شاملوو و سەید عەلی سالحی" لە فارسەکاندا ناو بەرین.

*** چیترت پێخۆش بوو دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵان بیڵێتی، یاخود لە دوا وتەتدا دەتەوێ بڵێی چی؟**

– منداڵ داهاتووی وڵات و کۆمەڵگایە، دەبێ کارێک بکرێ ئەوان هەر بەردەو پێش بڕۆن و سەرکەوتن وەدەس بێنن. متمانەیان بەخۆیان بێ، هەردەم ڕێز و قەدری گەورەکان و مامۆستاکانیان بگرن و بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانی نیشتمانی خۆیان تێبکۆشن، ئەوەش بە خوێندن و ئەدەبیات بە گشتی دەستەبەر دەبێ و وەدیدێ.

بەبۆنەی یۆبیلی زێڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد

پانۆرامای یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی

فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

ئەمرۆ کە یادی یۆبیلی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردە ,رۆژێکی گەشی مێژووییە، رۆژی هەڵکردنی چرای ئەدەب و روناکبیری و فەرهەنگی نەتەوەکەمانە، گزنگی خۆری نوێ و نێو بزافی کاروانی خاوەن قەڵەمەکانە، رێزگرتنە لەو هەست و وشیارانەی کە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا بۆ ئێمەیان بەجێهێشتووە رازاندنەوەی رۆحی رەنگاو رەنگی هزری نووسەرانە، بۆن و بەرامەی باخی بەرینی وشەی جوان و هەڵوێستی پاک و بێگەردی خاوەن قەڵەمەکانە. دەنگی بەرگری و خەبات و بەرخودانە، ژیانەوە و بوژاندنەوەی ئەو قەلەندەرخانەیەیە، کە لە گەورە نووسەران بۆمان بەجێماوە. زەنگی یەک ئامانج و یەک ئاوات لە خەمی هزری ئەدیبانە چڕۆی کردووە، کەتا سەر ئێسقان زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و مێژوویان ئاوێتەی ژیانیان کردووە.

دەمێک بوو نووسەران هیواخوازبوون ماڵێکیان هەبێت، لەو سەردەمەدا یاداشتێکیان نووسی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی عێراقیان کردوە، داوای مۆڵەت پێدان بۆ ئەو رێکخراوەیان پێشکەش کردووە. ئەوەبوو لەرۆژی 10/2/1970دا وەڵامیان دراوەتەوە، کە بڕیاری وەرگرتنی مۆڵەتیان پێدرا بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد. ئەو قەڵەم و نووسەرانە کە بریتیبوون (د.عزەدین مستەفا رەسوڵ، د.ئیحسان فوئاد، د.نەسرین فەخری. د.مارف خەزنەدار، کاکە حەمەی مەلا کەریم، نوری عەلی ئەمین، د. کاوس قەفتان، جەمال بابان، حسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، خالید دلێر).

ئەو گۆڕانکارییەی روویدا و بەیانی 11ی ئازار خوێندرایەوە و بڕیاری یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد درا، لە مانگی 6ی هەمان ساڵدا بە ئامادەبوونی 111ئەندام کۆنگرە بەسترا، هەروەها ئەم نووسەرانە بە دەستەی گشتی هەڵبژێرداران کە پێکهاتبوون لە بەرێزان (هەژار موکریانی، سەرۆک)، (د.ئیحسان فوئاد، جێگر)، (د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، سکرتێر)، (عبدالرەزاق بیمار، ژمێریار)، هەروەها بەدوایدا کۆنفرانسی لقەکان دەستی پێکرد. لقی سلێمانی کە بەم شێوەیە پێکهاتبوولە رۆژی 2/ 10/1970دا ئەم بەرێزانە بوونە ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری لقی سلێمانی کە پێک هاتبوون لە (مامۆستا شێخ محمد خاڵ سەرۆک ، شەهید شاکر فەتاح، جێگر سەرۆک، مستەفا ساڵح کەریم سکرتێر، محەمەد مستەفا کوردی ،ژمێریار). هەروەها لە پاڵ دەستەی کارگێریدا ئەم بەرێزانەش بوونە ئەندام (مامۆستا ئەحمەد هەردی، محەرەم محەمەد ئەمین، کامران موکری، عومەر عارف، عبدوڵڵا میدیا ، محەمەد ساڵح سەعید، ئەمین میرزا کەریم). دوابەدوای دەستبەکاربوونی کارو چالاکی دەستەی بەڕێوبەر ئیدی کارو چالاکییەکان دەستیان پێکرد، بەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە کۆڕ و سمینارەکاندا بەشداریان دەکرد. هەر لەو سەروەختەشەوە (گۆڤاری نووسەری کورد) 11 ژمارەی تا ساڵی 1974لێ بەچاپگەیەنراوە، هەروەها ژمارە 12ی ئەو گۆڤارە لە شاخ و لە سەردەمی شۆڕشدا بڵاوکراوەتەوە. شایەنی باسە (لقی سلێمانی) بەشداری لە میهرەجانی شیعری کوردی لە شاری کەرکوکدا کردوە .

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە کۆنگرە ساڵانە دەبەسترا، لقی سلێمانی لە رۆژی 1/10/ 1971کۆنفرانسی خۆی بەست. هەر لەو دەمەدا دەستەی نوێ هەڵبژێردرایەوە لەم بەرێزانە کە پێکهاتبوون (مامۆستا ئەحمەد هەردی، سەرۆک، کامەران موکری، جێگری سەرۆک، مستەفا ساڵح کەریم، سکرتێری بەرێوە بردن، حەسیب قەرەداخی، سکرتێری رۆشنبیریی، محەمەد مستەفا کوردی، ژمێریار، أ ب هەوری، ئەندام، ئەمین میرزا کەریم ئەندام، محەرەم محەمەد ئەمین, ئەندام) لەگەڵ ئەوەشدا کارو چالاکییەکان هەمیشە بەردەوام بووە تا کۆنگرەی 3 سازدەدرێت، کۆنفرانسی لقەکان دەست پێدەکاتەوە لە رۆژی 17/11/1972دا کۆنفرانسی لقی سلێمانی ساز دەدرێت. هەر لەو کۆنفرانسەدا ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر هەڵدەبژێردرێتەوە کە پێک هاتوون لەم بەرێزانە (مامۆستا ئەمین میرزا کەریم سەرۆک، ئەحمەد حامید، جێگر سەرۆک، مستەفا ساڵح کەریم، کارگێری، تاهیر ساڵح سەعید، سکرتێری رۆشنبیریی، حەسیب قەرەداخی ژمێریار).

هەروەها لە پاش کۆتایی کۆنگرەی 4دا ئەم بەرێزانە بوونەتەوە بە دەستەی بەڕێوبەری لقی سلێمانی کە پێکهاتبوون لە بەرێزان (مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، سەرۆک، شەهید شاکر فەتاح، جێگر سەرۆک، شێرکۆ بێکەس، سکرتێری رۆشنبیریی ، مستەفا ساڵح کریم، سکرتێری کارگێری، محەمەد حەمە باقی، ژمێریار).

بەداخەوە بەدوای پەیمانی جەزائیری شووم، لەرۆژی 6/ 3/1975دا نووسەرانیش لە بۆشاییەکی سەختدا دەژیان، وەڵێ هەرچەندە ئێمە کارمان دەکرد، نەمان دەهێشت سلێمانی بێچالاکی رۆشنگەری بێت، ئەوە وای کرد خوا لێخۆشبوو (ئەژی گۆران) هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ یەکێتیی نووسەرانی کورد بژێنێتەوە، تا وایکرد کۆنگرەی 5ساز بدرێت، دوای کۆنگرە کۆنفرانسی لقی سلێمانی سازدارا و هەریەکە لەم بەرێزانە بوونە ئەندامی دەستەی بەرێوەبەر (مامۆستا مستەفا ساڵح کریم، سەرۆک, شێخ حەسیب قەرەداخی) لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەدا بەناوەکانی (ئەکرەم قەرەداخی، حەمە رەشید فەتاح، سەباح غالب، جیهان عومەر، عبدوڵڵا ئاگرین، رەوف بێگەرد، تاهیر ساڵح سەعید). بەم هۆیە و بەگرو تینێکی دیکەوە، کاروچالاکی رۆشنبیریی و کۆڕ و سمیناری گرنگ ساز دەدرا. بەمە رژێمی بەعس ئەوەی بێقبوڵ نەدەکرا، ئەوەبوو لە رێگای ئەندامان و بەرپرسانی بەعسی وەکو (عاشور، ملازم فارس، بەسەرپەرشتی عبدالغفار صایغ) شەڕ و گێچەڵیان بە یەکێتی نووسەران دەفرۆشت و دەیانویست یەکێتی نووسەران بکەنە پاشکۆی یەکێتی ئەدیبانی عێراق، ئەو ئازادییەیان لێوەر گرنەوە. بەڵام نووسەران ملیان بەو داخوزییە نەدا و کەوتنە ململانێ لەگەڵیاندا. هەڵوێستی روونی جوامێریان دەنواند و رەدی هەموو داواکارییەکی رژێمی بەعسیان دەدایەوە. ئەو نووسەرانەش پێکهاتبوون لەم بەرێزانە (حەمە سەعید حەسەن، فوئاد مەجید میسری، رەئوف حەسەن، فوئاد قەرەداخی، ئەژی گۆران، رەوف عوسمان، دایکی سۆلاف، هێرۆ گۆران، محەمەد ساڵح سەعید، ئەحمەد سالار، عبدوڵڵا میدیا ,حەمە فەریق حەسەن). بەڵام رژێمی بەعس هەر بەو کارانەوە رانەوەستا، کەوتنە گرتن و راودوونان و دورخستنەوەو تەنگپێهەڵچنینیان ئەوانەی گیران و خرانە زیندانەوە پێکهاتبوون لە (رەوف بێگەرد، کەمال میراو دەلی، سەلام مەنمی، تاهیر ساڵح سەعید). هەروەها ئەوانەی بۆ خواروی عێراق دوورخرانەوە پێکهاتبوو لەم بەرێزانە (شێرکۆ بێکەس، حەمە ساڵح قازانی، محەمەد نوری تۆفیق). ئەوانەش کەبانگهێشتی لێپرسینەوە کران وەک (زاهیر ئەحمەد سەوز). پاش ئەم کارانەی رژێمی بەعس، زۆر لەنووسەران رویانکردە شاخ، وەک (شێرکۆ بێکەس، محەمەد موکری، حەمەی حەمە باقی، حەمەکەریم عارف، حسێن بەفرین، ئەحمەد عارف، دڵشاد مەریوانی، هەڤاڵ کۆیستانی, هیتد).

لە کەژی راپەرین و بەرخودانە، دەرگای بارەگای نووسەران واڵا کرا، لە رۆژی 9/3/1991دا نووسەران بە جۆش و خرۆشەوە بەرەو بارەگاکە دەهاتن، وەڵی بەچاکزانرا دەستەیەکی کاتی، پێکبهێنرێت بە بەستنی پلینۆمێک، بە ئامادەبوونی 130ئەندام، دەستەی کاتی هەڵبژێردرا، لە ئەنجامدا ئەم نووسەرانە بوونە کارگێری لقی سلێمانی (محەمەد فەریق حەسەن، حەسیب قەرەداخی، فوئاد سەراج، شێرکۆ عەبدوڵڵا، فوئاد عەبدوالرحمان، کەژاڵ ئەحمەد، خالید دلێر). هەر لە میانەی ئەو دەستەهەڵبژێردراوەدا چەند کۆڕو سمینارێک سازدرا.

شایەنی باسە لە ساڵی 1991دا و لە کۆنگرەی حەوتی راپەریندا لە شارۆچکەی شەقڵاوەدا، دەستەی گشتی هەڵبژێردرا و کۆنفرانسی لقەکان دەستی پێکرد، هەروەها لقی سلێمانی لە مانگی 11هەمان ساڵدا بە ئامادەبوونی 140ئەندام کۆنفرانس سازدرا، کە 21 ئەندام خۆیان بەربژێر کرد، لە ئەنجامدا ئەم بەرێزانە بوونە هەڵبژێردراوی لقی سلێمانی وەک (جەمال غەمبار، شێرزاد حەسەن، ئەحمەد سەلام، عبدلقادر سەعید، هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران، رەوف بێگەرد، فوئاد سەراج).

هەروەها دوو ئەندام بە یەدەگ دەرچوون وەک (تاهیر ساڵح سەعید، یاسین قادر بەرزنجی). دەستەکە پێک هاتبوون لە (رەوف بێگەرد، سەرۆک، ئەحمەد سەلام جێگر، جەمال غەمبار سکرتێری کارگێری، شێرزاد حەسەن سکرتێری رۆشنبیری، فوئاد سەراج ژمێریار، هیدایەت عەبدولا حەیران و عبدولقادر سەعید ئەندام). بەڵام دوای ئالو گۆڕێک کە مامۆستا شێرزاد وازی لە کارەکەی هێنا (فوئاد سەراج) بووە سکرتێری رۆشنبیریی.

لقی سلێمانی لە رۆژی 1/12/ 1991دەستیان بە کار و چالاکی ئەدەب و رۆشنبیری کرد، هەتا رۆژی 2/12/ 1994 کە هەموو کارو چالاکییەکان لای خۆم پارێزراون لە دەرفەتێکدا بە چاپی دەگەیەنم. بەڵام بەداخەوە بەهۆی بوونی جەنگی ناوخۆ و شەری خۆکوژییەوە، ئەو دەستیە پەرەوازەبوو، نووسەران کەوتنە ناو بەرداشی جەنگی ناوخۆوە. لە پاش ساڵی 1995وە، چەند پلینۆمێک لە سلێمانی سازدرا، تا نووسەران بە کاری خۆیانەوە خەریک بن. بۆیە دەستیان بە هەڵبژاردن کردەوە و جوڵەی رۆشنبیری کەوتەوە گەڕ، لەرۆژی 4/9/1999دا پلینۆمێک سازدرا، ئەم بەرێزانە بوونە ئەندامی دەستەی کاتی لقی سلێمانی (دلشاد علی سەرۆک، فەریدون عەبدول بەرزنجی جێگر، کەژاڵ ئەحمەد سکرتێری روناکبیری، عومەر عەبدولکریم ، سکرتێری کارگێری، د، هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران دارایی).

لە پاش جەنگی ناو خۆ و هێور بوونەوەی دۆخەکان و ئاشتبوونەوەی نێو ماڵی کوردی، بڕیاری کۆنگرەی 8 درا، لە پاش کۆنگرەش کۆنفرانسی لقی سلێمانی بە بەشداربوونی 130 ئەندام کۆنفرانس سازدرا لە ئەنجامدا دەستەی کارگێری لق بەم جۆرە هەڵبژێردرا کە پێک هاتبوون لە بەرێزان (د. شێرکۆ عەبدوڵڵا سەرۆک، فوئاد مەحەمەد ئەمین سەراج جێگری سەرۆک، ئەحمەد رەزا، ژمێریار، سەلام مستەفا، کارگێری، جەمال محەمەد ئیسماعیل ئەندام، ئەحمەد ئابلاخی ئەندام). هەروەها دوو ئەندامی یەدەکیش پێکهاتبوون لە بەرێزان (بەکر پشدەری، عبدولقادر سەعید).

هەر لە ماوەیەدا توانراوە زیاتر 40 کتێب بەچاپ بگەیەنرێت 11 ژمارەی گۆڤاری نووسەر چاپبکرێت، چەند فیستیڤاڵێکی گەورە ساز بدرێت وەک فیستیڤاڵەکانی (کامەران موکری، حەمە ساڵح دیلان، سرود، عەلادین سەجادی). لەگەڵ سازدانی 44 کۆڕ تا کۆتایی ساڵی 2014 لە پاش ساڵی 2014تا هەنوکە کە بەخۆبەخش دەستەکە کاردەکات، جگە لە وەی توانیمان ماڵێک بۆ یەکێتی نووسەران لقی سلێمانی دابین بکەین و کە هەم ماڵێکیان هەبێ هەمیش هۆڵیان هەبێت بۆ کار و چالاکییەکان کە توانراوە لەو ماوەیەدا واتە لە ساڵی 2017وە تا ساڵی 2019 (144) کۆڕ و چالاکی سازدراوە .


جگە لەوەی کۆڵنادەین و بەرامبەر قەیرانەکان وەستایان. ئەرکی قەڵەم و رۆشنبیریمانە، کاربکەین، بۆ ئەوەی پیرۆزی مێژووی پەنجا ساڵەی نووسەران و یەکێتییەکەی بپارێزین، و گەشاوەتری بکەین، تا گیانی نەمران و شەهیدانی قەڵەم شاد بکەین و گەلەکەمان سەربەرزبکەین.

تێبینی:
گۆڤاری نووسەری کورد، دووبارە ژمارە 1ی ئایاری ساڵی 1979دەرچۆتەوە تا ژمارە 12خولی دووەم. لە ئابی 1983دا خولی سێهەم، لە ساڵی 1985دا دەرچۆتەوە. تادوای راپەرین ژمارەیەکی تایبەت دەرچووە کە ناوی ئەو نووسەرانەشی تێدایە، کە لە کۆنگرەی راپەریندا لە شارۆچکەی شەقڵاوە بونەتە ئەندام.



حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

بەشی سێزدەهەم



جەماڵ گردەسووری

*** موحەممەد ئەمین رۆژبەیانی: حەسەن حەیران ئیسپاتی کرد هونەرمەندە!**

*** حەسەن حەیران کێ بوو، چی بوو، ژیانی چۆن بەسەر برد، چۆن و لە کوێ کۆچی دوایی کرد**

– حەسەن کوڕی قادر کوڕی خەلیل گەوەر بوو، لە بنەماڵەیەکی عەشیرەتی رۆژبەیانی بوو، لە ساڵی 1937لە بناری قەرەچووغ لە گوندی تەلەرخێمی گەورە چاوی بە دنیا هەڵێناوە، دایکی ناوی هەمین بوو، برایەکی لە خۆی گەورەتر هەبوو بە ناوی خەلیل و لە ژیاندا نەماوە، دوو خوشکی هەبوون بە ناوی خەزار لە ژیاندا نەماوەو ئەویتر بە ناوی خەماد کە تا ئێستاش لە ژیاندا ماوەو لە هەولێر دەژیت، بنەماڵەی حەسەن حەیران مەشهورن بە بنەماڵەی خەلیل گەوەر کە باپیرە گەورەیان بوو، ئەوانیش دوو برا بوون خەلیل گەوەرو ئیبراهیم گەوەر، حەسەن حەیران بە قەدو باڵا کورتە باڵا، بوێرو لێزان و چاو نەترس و زیرەک بوو، خاوەنی دوو خێزان بوو، بە ناوی حەلیمەو سەعادەت تەنها حەلیمە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، چوار کوڕ و چوار کچی هەبوو، هەموویان لە ژیان ماون، چەتۆ کوڕی گەورەو ئەمیرو ئومێدو هیواش یەک لە دوای یەکترن، کچەکانی خەرەمان ،مەهان ، پەیمان، شیلان، من لەم خاڵە تەنها ئەوە دیار دەکەم حەسەن حەیران کێ بوو

*** حەسەن حەیران چۆن بوو؟**

– لە تەمەنی منداڵیدا منداڵێکی گەمە خۆش و سەرکردایەتی منداڵانی دەکرد لە گوندەکەیان هەروەکو بۆ منیان گێڕاوەتەوە لە تەمەنی لاویەتیدا نەداری و دەست کورتی خێزانەکەی مانا باوک و دایک و برای تا چەندین ساڵ شوان و هەر لەوێ پلەی هونەرمەندی وەرگرت و دەست و پەنجەکانی عاشقی شمشاڵ بوون و لەگەڵ شمشاڵەکەی وردە، وردە بیری لە حەیران و لاوک دە کردەوە.

حەسەن حەیرانی پێشمەرگە هەر لەگەڵ چریکەی بەرپا بوونی شۆڕش وازی لە هەموو بەرژەوەندیەکانی خۆی هێناو ئەو گۆچانەی کە هەڵی گرتبوو بۆ بژێوی خێزانەکەی دایناو لە جیاتی ئەو چەکی پێشمەرگەی کردەشان و بەڵام چ پێشمەرگە نەهەر پێشمەرگەو دۆستی چەکەکەی بێت یا لە چەک بەو لاوە لە هیچیتر نەزانێ، هونەری لەگەڵ سەنگەرو بەرگری و چەک بە یەک بەستایەوەو نەبەردی و ئازایەتی و داستانی یەک لە دوایی یەکی لێ بەدەست دەهێنا، حەیرانی بە کیژو کار و دەشت و شاخ و کانیاوی کوردستان دەوت، بۆ دڵ و هەستی پێشمەرگە لاوکی بەسەر عەگیدو سوار چاک و داستانە پڕ لە قارەمانیەکانی کورددا هەڵدەداو جۆش و خرۆشی دەدا بە پێشمەرگە، لە داستانە مەزنەکانی سەرتا سەری ئەم شۆڕشە کە بە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ناو دەبرێ، بە دەستی تفەنگی دەگرت و بە چاو سێرەیی لە دوژمن دەگرت و بە پەنجەکانی ئاگری تفەنگەکەی لە گیانی دوژمن بەردەدا و بە دەمە پڕ سۆزەکەشی لاوکی بەسەر پێشمەرگەدا دەگوت و بارزانیی نەمری دەکردە رەمزی سەرکەوتن و کوردایەتی و پێشمەرگەش سەرکەوتنیان بە دەست دەهێنا، حەسەن حەیرانی تۆڵەسێن و بە ئەمەک بۆ خوێنی شەهیدان هەوڵ و توانای خۆی دەخستە گەڕ بۆ ئەو کەسانەی کە دەستیان بە خوێنی کورد سوور دەکرد، لاوکی بەسەر شەهیدەکان دەگوتەوە، کەواتە حەسەن حەیران ئیسپاتی کردبوو کە بەراستی هونەرمەندە، چونکە هونەرمەند ئەگەر سوودی بۆ گەل و نیشتمانەکەی نەبێ بۆ ئەو ناوە پیرۆزە بکاتە قەدو باڵای خۆی، هونەرمەندێک هەموو توانای خۆی بۆ چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و یا لاوکی خەجێ و سیامەند بڵێتەوە، تۆز قاڵێک هونەرەکەی بۆ ئێش و ئازاری میللەتەکەی نەبێ، ئەو هونەرمەندە بە کەلکی چی و بۆ هەبێ یان هونەرمەندێک بە کۆشک و تەلاری پاشا و ئاغاو میردا بڵێت کە بیریان لە رزگاری گەلەکەیان نەکردبێتەوەو بگرە رزگاریەکەشی بووبن بۆ ناویان لێ بنرێت هونەرمەند و هەندێ جار دەیانکەنە قارەمانی فۆلکلۆری کوردیش، بۆچی قەڵەمێک باس لە هونەرمەندی حەسەن حەیرانی کردبێ و ئەوەی تۆز قاڵێک لە مانای هونەر بزانێت پێیان وابووە دڵۆپێک لە دەریا باس نەکراوە، هونەرمەند لە کورد زۆر هەڵکەوتوون و لاوکبێژو حەیرانبێژ زۆرن، زۆریشیان تا توانییان بۆ کورد و ئێش و ئازارەکەی مانوو بووینەو پێویستە نووسەر لەهەر هەلێکی بۆی برەخسێ و بەپێی شارەزای ئەمانە لەبیر نەکەن و بیانکەن بە پێشرەوی هونەرمەندان و ئەوانەی تەنها سوودیان بۆ هەستی خۆیانیش هەبووە، لەلاپەرەیەکی دیکە بەسەریاندا بگوترێ.

لە دەشتی هەولێر کە بە دەشتی قەراج و شەمامک و کەندێناوەو بگرە تا قەرەداغ و لەوێوەش تا بارزان بگەرێوەوەو لە ماوەی 14ساڵی تەمەنی شۆڕشی ئەیلوول واتە 14ساڵ تەمەنی هونەرمەند حەسەن حەیران لەگەڵ شاخ و دەشت و دۆڵ و سەرماو گەرماو ئاوو ئەشکەوت بووەو لەهەر شوێنێک لەمانە نەبووە شەڕێک یاچەندین شەڕی لێ نەبوو بێ و پێشمەرگەش داستانی قارەمانیەتی لێ تۆمار نەکردبێ و لەهەر داستانێکیش نەبووە خوێنی پێشمەرگەی لێ نەرژابێ، حەسەن حەیران لە حەیران و لاوکە بە سۆزەکانی نە دەشت، نە دۆڵ، نە شاخ، نە ئەشکەوت داستانەکانی لەبیر نەکردوون و لاوکی بۆ شەهیدەکانیش نەهوناندبێتەوەو لەسۆزی برایەتی و کوردایەتی و ئێش و ئازاری گەلەکەی فرمێسکی بۆ شەهیدان گوڕ لە چاوەکانی نەرژابێ و هەمووشی کردوون بە دیاری بۆ گەلەکەیی و نەوەی دوارۆژ لە کاسێتەکانی تۆماری کردوون و هەردەم بیری لەوە دەکردەوە دەبێ نەوەی دوارۆژ ئێش و ئازاری گەلەکەیان لەبیر نەکەن و بە لاوکەکانی داستانەکانی باوک و باپیرانی خۆیان بزانن تا لە رۆژێکی وەکو ئەمرۆ کە کورد خاوەنی پەرلەمان وحکوومەتێکە بیپارێزن و بزانن کە بە خوێنی شەهیدان ئەم دەسکەوتانە هاتوونەتە دەست.

خانمە شەترەنجزانێکی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە دیمانەیەکی (خەبات)دا..

تیا گویچی: ئەگەر کۆرۆنا دەرفەت بدات لە ئۆڵۆمپیادی داهاتوو ماستەری نێودەوڵەتی بەدەست دێنم



دیمانە: هاوار مورتکەیی

تیا گویچی Tea Gueci خانمە شەترەنجزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و پاڵەوانی لاوانی ئیتاڵیا کەلەساڵی 1999لە شاری پالیرمۆ لەدایک بووە، لەدیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەباتدا هیوای ئەوە دەخوازێ کە ئەو پەتایەی کۆرۆنا کۆتایی پێ بێت و ئەو دەرفەتەی لەدەست نەچێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەری نێودەوڵەتی.

شەترەنج پارچەیەکی گرنگی ژیانمە

تیا کە لەساڵی 2007دەستی بەشەترەنج کردووە و کچی گویچی هەڵگری بڕوانامەی گراندماستەری بەناوبانگی ئیتاڵییە و لەهەمان کاتیش خوشکەگەورەکەی شەترەنجزانێکی دیاربووە دەڵێت: شەترەنج زۆر لەوە زیاترە کەوەک وەرزشێک یان یارییەک سەیردەکرێت، دەتوانم بڵێم شەترەنج پارچەیەکی گرنگە لە ژیانم، لەرێگای شەترەنجەوە زۆر شت فێربووم، لەوانە توانای گەشتکردن و ئاشنابوون بەکلتووری گەلان و گەیشتن بەراستییەکانی ناو ژیان و کلتورە جۆراوجۆرەکان، لەوبروایەدام جگە لەشەترەنج هیچ یارییەکی دیکە ئەمانەت پێنابەخشێ، ئەو یارییە توانایەکی باشی پێبەخشیوم لە تەرکیزکردن و خۆبەڕێوەبردن.

بوومە پاڵەوانی کچانی ئیتاڵیا

دواتر تیا گویچی خانمە شەترەنجزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لەبارەی دەسکەوتەکانی لە رابردوو و هەروەها هیوای داهاتووی دەڵێت: باشترین ئەنجامم تا ئێستا بەدەستم هێنابی بریتی بووە لە بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانی کچانی ئیتاڵیا لە ساڵی 2012هەروەها بۆ ساڵی دواتر لەریزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا وەرگیرام و بەشداری ئۆڵۆمپیادی تروێمسۆم کرد، ئێستاش هیواخوازین ئەو پەتایەی کۆرۆنا کۆتایی پێبێت و نەمێنێت بۆئەوەی ئەو دەرفەتەم لەدەست نەچێت و ئۆڵۆمپیادی داهاتوو بەڕێوەبچێت کە ئومێدێکی زۆرم هەیە بتوانم بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی ماستەری نێودەوڵەتی بەدەست بهێنم، بۆ ئەمەش راهێنەرەکەم ئەلیسیۆ ڤالسیتچی کە هەڵگری بڕوانامەی گراندما ستەرە بەردەوام لەگەڵدا یە و راهێنانم پێدەکات.

میدیاکان شەترەنجیان پشتگوێ خستووە

لەکۆتاییدا تیا لەبارەی بایەخی راگەیاندن بە یاری شەترەنج گلەیی ئەوەی هەبوو کە دەزگاکانی راگەیاندن ئەو هەقەیان بەویارییە نەداوە و گوتی: زۆر بەداخەوە کە دەڵێم دەزگاکانی راگەیاندن لەبەرامبەر شەترەنجدا زۆر کەمتەرخەم بووینە، ئەو هەقەی خۆیانیان پێنەداوە، ئەمە نەک تەنها بەرامبەر شەترەنج بەڵکو بەرامبەر تەواوی وەرزشەکانی تر جگە لەتۆپی پێ نەبێت.

ئۆنێل

تووشی کۆرۆنا بوو

یانەی ستۆک سیتی رایگەیاند کە مایکل ئۆنیلی راهێنەریان تووشی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، دوای ئەوەی پشکنینی پێنجەمی بۆ کرا دەرکەوت کە هەڵگری ئەو ڤایرۆسەیە.

ئەو یانە ئینگلیزیە بەیاننامەکی فەرمی لەم بارەوە دەرکرد و رایگەیاند کە لەمیانی پشکنینەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی کە بۆ یاریزان و کارگێرییەکان ئەنجامی دەدات، دەرکەوت کە مایکل ئۆنیلی راهێنەری یانەی ستۆک سیتی تووشی ئەو پەتایە بووە، بەمەش ئەو راهینەرە دەخرێتە ژێرچاودێری و لەهەمان کاتیش لەپەیوەندی دەبێت لەگەڵ یانەکەی.



دەزگاکانی راگەیاندن لەبەر تۆپی پێ هەقی خۆی نەداوەتە شەترەنج



سەرۆکی سۆسیداد تەقاندیەوە

خۆکێن ئابیربیای سەرۆکی یانەی ریال سۆسیدادی ئیسپانی لەبارەی داهاتووی مارتن ئۆدیگاردی نەرویژی کە بەخوازراو لە ریال مەدریدەوە چووەتە سۆسیداد، هەمووان تۆشی شۆک دەکات کاتێک رایگەیاند کە ئەو یاریزانە ناگەڕێتەوە ریال مەدرید و هەر لە سۆسیداد دەمێنێتەوە.

ئەم لێدوانەی سەرۆکی یانەی ریال سۆسیداد لەوکاتەوەدێت کە یانەی شاهانە بەنیازە ئەو یاریزانە بگەڕێنیتەوە ریزەکانی بەتایبەتیش کە لەم وەرزەدا بەئاستیکی بەرزدەرکەوتووە، بەڵام سۆسیداد بەپشت بەستن بە بڕیاری ئەو یاریزانە کە دەیەوێت نەگەڕێتەوە.

دیبالا: نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم پەیوەستە بە کارگێڕی یانەکەمەوە

خەبات: سولێن سلێمان


پاولۆ دیبالا ئەستێرەی یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتالی ئەوەی ئاشکرا کرد کە مانەوەی ئەو لەگەڵ یانەی خانمە پیرەکە پەیوەستە بە کارگێڕی یانەکەی، ئەمە لە کاتێکدایە کە گرێبەستی دیبالا لەگەڵ یۆڤێنتۆس لە ساڵی 2022 کۆتایی پێدێت، هەروەها دیبالا لە لێدوانێکیدا بۆ تۆڕی CNNدەڵێت: دڵخۆشم بە مانەوەم لەگەڵ ئەو یانەیە و خەڵکیش منی زۆر خۆشدەوێت و هەروەها منیش ئەوانم خۆشدەوێت، هەروەها گوتی: پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆکی یانەکەمدا زۆر باشە.

دیبالا بووەتە جێی خواستی چەندین یانەی گەورەی وەک مانچێستەر یونایتد و تۆتێنهام و پاریس سان جێرمان، پاولۆ دیبالا لە ساڵی 2015چووتە ریزی یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتالی بەرامبەر 32ملیۆن یۆرۆ.



بەختەوەرم لە یۆڤینتۆس و جەماوەرکەم خۆشدەوێت

ڕامۆس تا 2022 لە ریال مەدرید دەمێنێتەوە




دوای بەردەوام بوونی 15ساڵ لە ریزەکانی یانەی ریال مەدرید، پێدەچێت کاروانی سێرخیۆ ڕامۆسی کاپتن لەگەڵ ئەو یانەیە بۆ دوو ساڵی دیکە بەردەوام دەبێت، واتە تا هاوینی 2022.

ڕۆژنامەی (ئاس)ی ئیسپانی ئاشکرای کرد کە بەڕێوەبەری کارەبارەکانی ڕامۆسی بەرگریکار رازیبووە لەسەر درێژکردنەوەی بڕندەکەی ڕامۆس لە سانتیاگۆ بێرنابیۆ بۆ یەک وەرزی دیکە، ئەمەش لەمیانی ئەو پرۆگرامەی کە یانەی ریال لەبەرامبەر ئەو یاریزانانەدا پەیڕەوی دەکات کە تەمەنیان 30ساڵ تێدەپەڕێنێت.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە هەردوولا گەیشتوونەتە ڕێکەوتن کە بڕندەکە درێژبکرێتەوە بۆ هاوینی ساڵی 2022، بەمەش پێدەچێت مۆندیالی 2022 دوامۆندیال بێت بۆ ئەو یاریزانە کە لەناو یاریگاکاندا دەربکەوێت.

کێشەیەک هەڕەشە لە گەڕاندەوەی لالیگا دەکات



تادێت تووشبوونی یاریزان و ناوبژیوانانی خولی ئیسپانی بیڤایرۆسی کۆرۆنا زیاد دەبێت، بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی لالیگا چەندمەرجێکی تونند دانراوە کە دەبێت هەفتانە پشکنینی ئەو پەتایە بۆ تەواوی یاریزان و ناوبژیوان و کارگێڕی یانەکان ئەنجام بدرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی هەڵگری ئەو ڤایرۆسە نین.

دواییەن هەواڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەک لەوناوبژیوانانەی کە بڕیاربوو یارییەکانی لالیگا بەڕێوەببات تووشی ئەو ڤایرۆسە بووە، بەمەش یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا لەوە دەترسێت کە ناوبژیوانێک هەڵگری ئەم ڤایرۆسە بێت و لەگەڵ ناوبژیوانانی دیکە بەرکەوتە هەبێت، دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر لالیگا، بۆیە بڕیاریاندا بێ ئەوەی ناوی ئەو ناوبژیوانە بهێنن، دووربخرێتەوە.

ڕکابەری چەند شارێک بۆ میوانداری کۆتایی چامپیۆنزلیگی 2020



لەهەنگاوێکدا کە دەیەوێت مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لەو پەتایەدا پاک ببێتەوە، خۆسیە لویس مارتینیزی سەرۆکی شارەوانی پایتەخت پشتیوانی تەواوی نیشاندا بۆ پالاوتنی میوانداری کردنی یاری کۆتایی خولی یانە پالەوانەکانی ئەوروپای 2020.

بڕیاربوو ئەو یاریە لە یاریگای ئەتاتورکی ئۆلۆمپی لە ئیستەنبۆل بەڕێوەبچێت، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا لە ئاداری ڕابردوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەو پێشبڕکێیەی هەڵپەسارد کە پێی مابووە یاری چارەگی پێش کۆتایی، بەڵام یویفا هیچ ئاماژەیەکی بەجێگۆڕینی ئەنجامدانی یاری کۆتایی نەدابوو، بەڵام ئێستا لێرەولەوێ ناوی چەند شارێک دێت بۆ میواندارى کردنی ئەم کۆتاییە لەوانە لشبۆنە، مۆسکۆ، فرانکفۆرت، مەدرید.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.11. Jun. 2020 No: (5951)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پاسکیلسواری...
بابەتێک دوور لە ژاوەژاوی سیاسەت



د. تەحسین کەرکوکی

بەهۆی تەختی و ڕێک وپێکی شەقامەکانیەوە هۆڵەندا چێژێکی تایبەتی هەیە بۆ پاسکیل سواری. پیرو گەنج وبەرپرس وخاوەن پێداویستی تایبەت، تەنانەت قوتابیانی سەرەتایی وانەو تاقیکردنەوە دەکرێن لەو بارەوە بەرلەوەی سەرەتایی تەواوبکەن و بچنە قۆناغی ناوەندی بەهۆی دووری قوتابخانەکان. پاسکیل جۆرەکانی زۆرە (هەر لە پاسکیلی ئاسایی وکارەبایی وبەنزین و پێداویستی تایبەت و دوو نەفەری ومندالان و پێشبڕکێ)هتد وەک لە وێنەکاندا دیارە هەروەها نرخەکانیان جیاوازە هەندێکیان نرخی خەیاڵی و گران بەهایە. بەهۆی پاسکیل سواریەوە ئەگەر بەراوردی خەڵکی بەتەمەنی لای خۆمان و ئەوروپی بکەی جیاوازیەکی بەرچاو ئەبینین لەڕووی جەستەو تەندروستیەوە، چونکە ئەوە وەرزشێکی باشە زۆرجار دەبینین خەڵکی وڵاتانی دراوسێی هۆڵەندا وەک حەزێک دێنە ئێرە بۆ پاسکیل سواری هەرچەندە لە هەموو ئەوروپا ئەو دیاردەیە هەیە بەڵام هۆڵەندا تایبەتمەندی خۆی هەیەجگە لە یاسای هاتوچۆی پاسکیل لەڕووی سروشتەوە بەرزی و هەورازی نیە ئاسانترە بۆ بەکارهێنەرانی، ناخۆشترین شت ئەوەیە بۆ هەندێ کەس تائێستا نازانن پاسکیل سواری بکەن، جاران لە هەرێمی کوردستان هەرکەسێک پاسکیل سواری بزانیبایە پێیان ئەوت خەڵکی کەرکوکی، بەڵام لە ئێستادا خەڵکی هەموو شارەکان فێربوون وەک خەڵکی کەرکوک هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک ئینگلیزەکانی لێبوو پاسکیلیان بەکار دەهێنا لەوانەوە خەڵکی کەرکوکیش فێری پاسکیل سواری بوون هەرچەندە لای خۆمان تەنها چینی هەژارو کەمدەرامەت سوودیان لێی بینیوەو بەکاری ئەهێنن، بەڵام لە ئەورووپا خەڵک بەگشتی بەکاری ئەهێنن.

هونەرمەند سازگار فواد: پەیامم بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە دوور بکەونەوە لەو شوێنانەی کە قەڕەبالّغن و پابەندی ڕێنمایی تەندروستی بن



دیمانە: پەریهان عومەر

هونەرمەند سازگار فۆاد عەلی لە دایکبوی شاری سلێمانیە، خوێندنی هەر لە سێلمانی تەواو کردووە هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی کوڕێکە پیشەی فەرمانبەرە.

سازگار لە دیدارێکدا بۆ خەبات گوتی:

پەیامێکم بۆ خەڵکی کوردستان بە تایبەتی شاری سلێمانی لەم بارودۆخەی ئێستادا کە بە قۆناغێکی زۆر هەستیار تێدەپەڕین، دوور بکەونەوە لەو شوێنانەی کە قەڕەبالّغن، وەکو پێویست ڕێنمایی تەندروستی جێبەجێ بکەن، زۆر دڵنیام کە ئەم قۆناغەش بە سەرکەوتن بەسەر ئەم ڤایرۆسە تێدەپەڕێنین.

هەروەها هونەرمەند سازگارلە بارەی کاری تازەی بۆ خەبات گوتی: لە ئێستادا ئامادەکارییان کردووە بۆ کارێکی هونەری کە ئەویش فیلمێکە بە ناوی (گوڵەکان ناگەشێنەوە) لە نوسین و دەرهێنانی (لوقمان غەریب) بەڵام بە بۆنەی ئەوەی کە لە ئێستادا ئەم پەتای ڤایرۆسە بەڵاو بۆتەوە کارەکانمان وەستێنراوە، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە کارە نوێکەمان ئەکەین.

هەروەها باسی لە ئیستای هونەری کوردی کردو لەم بارەوە گوتی: لە ئیستادازۆر بە داخەوە بۆ هونەری کوردی زۆر لە ئاستێکی خراپدا ئەبینم بە هۆی ئەم دراما تورکی یابانیانەوە کە بە هەموو جۆرێک بالّی کێشاوە بە سەر کوردستانی خۆماندا... ئێمەی هونەرمەندان زۆر بە داخین بۆ ئەو بابەتە دراماى تورکی و یابانی چۆتە هەموو ماڵێکی کوردیەوە خەریکە خەڵک عادات و تەقالیدی خۆی بیر ئەچێتەوە ، بە ڕاستی ئەم دراما بیانیانە زۆر دووڕە لە کلتووری کوردیەوە...

لە ڕوویەکی ترەوە ئێستا نەک هەر دراماى بیانی لە هەندێ شاشەی کوردی بە بەردەوامی ئەبینرێ دەقی دراماى تورکیان بە ئەکتەرە کوردیەکانی خۆمان ئەنجام داوە بۆ ئەوەش زۆر بە داخەوە هیوادارم دراماى کوردی بۆ جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو ماڵەکان.



ئاری سامان بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە کارگێڕیی کار لە زانکۆی جیهان بەدەست هێناوە. گۆرانییەکە لە لایەن ڕاگەیاندنی کوردی بە هەموو جۆرەکانیەوە، گرنگییەکی بەرچاوی پێدرا..

ئاوازی گۆرانییەکە باوکی ئاری، (سامان بریفکانی) ڕاگەیاندنکار و ئاوازدانەر بۆی داناوە. گۆرانیی هاواری دڵ باس لە دڵ ڕەنجانی گەنجێک دەکات لە یارەکەی و هەموو هەوڵیک دەدات دڵی لە خۆشەویستەکەی دوور بخاتەوە، بەڵام هەوڵەکانی شکست دەهێنن.

هاواری دڵ تێکستی بێستوون هەولێری، دابەشکردنی موزیک هۆگر سەعید، دەرهێنانی یوسف لەشکری.. ئاواز و پرۆدیوسەر سامان بریفکانی.

کیم کارداشیان بۆچی سەردانی کۆشکی سپی کرد؟



هەمزە سەرحان: کیم کارداشیان، ئەستێرەی ناسراوی ئەمریکی، سەردانی کۆشکی سپیکرد، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ دۆنالد ترەمپ، لەبارەی ئەو تۆمەتبارانەی بە تاوانی تۆندوتیژی زیندانیکراون.بە پێی هەواڵێکی ماڵپەڕی BBC، کیم کارداشیان سەردانی کۆشکی سپی کرد، هۆکاری سەردانەکەی گفتوگۆکردن بو لەگەڵ دۆنالد ترەمپ، دەربارەی گۆڕانکاری لەیاسای تاوانەکانی ئەمریکا ، بەمەبەستی ئەوەی سزا لەسەر ستی خانمی زیندانیکراوی ئەمریکا لابدات.بەپێی هەمان سەرچاوە مانگی شوباتی ساڵی ڕابردو، ئەو ستی خانمە بەتاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هەڵخەڵەتاندنی ماددی کەسانی دیکە زیندانی کراون کە بە "تاوانی سپی" ناسراوە، لەهەمان کاتدا خاوەنی منداڵ بون.لەپاش کۆبونەوەکە دۆنالد ترەمپ ڕەزامەندی دەربڕی بۆ کەمکردنەوەی سزاکان و ئازادکردنی ئەو ستی خانمە.

